# مێژووی
# مۆسیقای کوردی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

# مێژووی مۆسیقای کوردی

**نووسینی**

**محەمەد حەمە باقی**



ناوی کتێب: مێژووی مۆسیقای کوردی
نووسینی: محەمەد حەمە باقی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٥٨
دەرهێنانی هونەری: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
وێنەی سەر بەرگ: هونەرمەند فەردین سادق ئەیووبی
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم: ئێران- شهر کرد، ١٩٩٦
چاپی دووەم - چاپی تازەی دەسکاری و زیادکراو - دەزگای ئاراس
چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر
ژمارە (٤٢٨)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

ئەگەر دەتەوێ پلەی پێشکەوتن و شارستانێتی
هەر گەلێک بزانیت، گوێ لە مۆسیقا و گۆرانییان بگرە
کۆنفۆسیۆس



# پێڕست


پێشەکی ..... 9
گەڕان بە شوێن ناسنامەدا ..... 25
ئاوڕێکی خێرا لە مێژووی مۆسیقای جیهان ..... 35
ئاوڕێکی نزیک لە مێژووی مۆسیقای (ئەهلی هەق) ..... 43
زەرتوشت و ئایینەکەی ..... 73
ئاڤێستا و پەیامی زەرتوشت ..... 83
سروودی گاثا و مۆسیقای کوردی ..... 91
مۆسیقا و گۆرانی کوردی دوای هاتنی ئایینی ئیسلام ..... 137
چەمەری ..... 171
سەرچاوە ..... 215
فەرهەنگی ناو ..... 225
فەرهەنگی جوگرافیا ..... 237

## پەیڤێک بۆ چاپی دووەم

چاپی ئەم کتێبە، کە تیراژەکەی (٣٠٠٠) سێ هەزار دانە بوو، هەر زوو لەلایەن خوێنەران و دڵدارانی مۆسیقای کوردییەوە باوەشی بۆ کرایەوە و لە ماوەیەکی زۆر کەم دا لەبازاڕدا نەما. سەرەڕای ئەوەی بەو هۆیەوەی کە لە ئێران (شهرکُرد) بە چاپم گەیاندبوو؛ ژمارەیەکی زۆر کەمی گەیشتبووە کوردستانی عێران و ئەوروپا... بۆیە داخوازیی پەیتاپەیتای خوێنەران و بەتایبەتی قوتابیانی بەشی مۆسیقای ئەکادیمیای زانکۆ و هەردوو پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی و هەولێر و داوای هاوڕێیانی دەرەوەی کوردستان و پێشنیاری بەرپرسی دەزگای چاپەمەنی ئاراس، هاوڕێم: کاک بەدران ئەحمەد، هانیان دام بیر لە چاپی دووەمی بکەمەوە؛ کە لە نێوان ماوەی ئەم پێنج ساڵەی چاپی یەکەمی، تا چاپی دووەمی، گەلێ زانیاری و بیروڕاو سەرەنجی تازەشم بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم بەرهەمە، بوونە مایەی دەست پێداهێنانەوەی زۆبەی ناوەڕۆکی کتێبەکە؛ کە لەم ڕووەوە لەچاو چاپی یەکەمیدا زۆر جیاوازیی هەیە. ئەمەش ئەگەر دڵنیایی وئۆخژنم بداتێ، بەڵام هێشتا خەونی گەورەتر بە دەوڵەمەندتر کردنی ئەم بەرهەمەوە دەبینم؛ کە مایەی شانازیمان بۆتە یەکەمین تەقەللا، لەبواری نووسینەوەی: (**مێژووی مۆسیقای کوردی**) دا.

محەمەد حەمەباقی
پایزی ٢٠٠١
سەقز - هەولێر

# پێشەکی

سەدان ساڵ لەمەوبەر، فەیلەسوفی ناسراوی یۆنانی فیساگۆرس ( ٦٠٠ ساڵ پێش زایین) وتوویەتی: ئەم جیهانە، ژمارە و ئاوازە، کە مەبەستی لەم ژمارە و ئاوازەش ئەو بەرنامە و ڕژێمە ڕێکوپێک و ورد و شاراوەیەیە، کە بەرنامەی بۆ گەردون و بۆ سروشت و بۆ مرۆڤ داناوە، بەبێئەوەی ڕاستەوخۆ و لە هەموو دەرفەتێکا هەستی پێ بکەین.

ئەو بەرنامەیەش کە لە **ژمارەی** ئەم وتەیە دایە، ژمارەی ئەو یاساگەلە جیاجیایەیە، کە سەرومڕی ژیانمانی نوقمی زەریایەک «ڕیتم»ی بێ بڕانەوەی لەبن نەهاتوو کردووە. وەک؛ ئەوهەموو دیاردییەی لەم گەردونەدا هەن. هەر لە ئاڵوگۆڕی ڕۆژ و شەو و وەرزەکانی ساڵ و سوڕانەوەی زەوی و دەرکەوتنی خۆر و مانگ و ئەستێرە و ئاوابوونیانەوە، تا نزیکترین ئەو «ڕیتم»ەی لە لێدانی دڵمان و هەناسەدان و هەنگاو هەڵهێنانی مرۆڤ و ئاژەڵدا هەستی پێدەکەین. کە ئەگەر هەر یەکێک لەم دیاردییانە، بەپێی **ژمارە** لەگەڵ یەکتریدا جیا بن، ئەوا مەبەست لە **ئاواز** «ریتم»ی ئەم دیاردیانەش، ڕێکوپێکی و چوون یەکبوونی بەرنامە و یاسای دووبارە بوونەوە و بەردەوامبوونی ژمارەکانی ئەم دیاردییانەیە.

کەواتە ئەگەر ئەم وتەیەی فیساگۆرس، ئاسانتر ورد بکەینەوە، ئەوا دەڵێین: ئەگەر ژمارەی لێدانی دڵی هەر مرۆڤێک، بریتی بێت لە ژمارەیەکی دیاریکراو، ئەوا مەوداکانی نێوان هەر ژمارەیەک و ژمارەیەکی لێدانەکانی دڵی؛ بەشێوەیەکە، کە جیاوازیی لەنێوان مەودای لێدانێک و لێدانێکی تریدا نییە و ئەم دابەشبوونە ڕێکوپێکەش، ئەو ئاوازەیە، کە لە **مۆسیقادا**، پێی دەوترێ: **ڕیتم**.

ئیتر ئەم بەرنامە پڕ نهێنییەی گەردون، لە دێرزەمانەوە، بیری مرۆڤی بۆ ئەوە بردووە، کە هەست بکات هەموو ژیانی مرۆڤ، هەموو سروشت، هەموو گەردون، بریتی بێت لە «ڕیتم»ێکی مۆسیقایی شاراوەی ئاشکرا!. کە **ئیفلاتون** ئەمجۆرە **«ڕیتم»**ەی ناو ناوە: ڕێکخستنی بزووتنەوە، واتە: ڕێکخستنی ئەو بزووتنەوە و جووڵانەوەیەی لە سروشت و گەردوون دا هەن و ئێمەی مرۆڤیش لە پیادەکردنی ئەو بزووتنەوە ڕێکوپێکەدا بەشدارین. وەک ئەوەی لە سەروتر ئاماژەمان بۆ کرد و وتمان: لێدانی دڵ و هەناسەدان و ڕۆیشتنمان بەپێ، دەکەونە ناو بازنەی ئەم بزووتنەوە چوون یەک و ڕێکوپێکەوە، کە ئەم «ڕیتم»ە سروشتییە، لە سەروو دەسەڵاتی ئێمەوەیە و بەبێئەوەی دەسەڵاتی بەسەردا پەیدا بکەین،



یان ڕێگەی پێ بگرین، پیادەی دەکەین و ئەنجامی دەدەین. لەبەرئەوە ئەگەر بمانەوێ پێناسەی **ڕیتم** بکەین، دەڵێین: بریتییە لە ڕێکخستنی ئەو بزووتنەوەیەی لەنێوان مەوداکانی کات و زەمانێکدایە، بەمەش هەست بە ڕەوتی زەمان دەکەین و ڕێکی دەخەین.

بەڵام ئەو «ڕیتم»ەی لە مۆسیقا دایە، لەو جۆرەیە کە لەژێر دەسەڵاتی خۆمان دایە و خۆمان مەوداکانی نێوان «ڕیتم»ێک و «ڕیتم»ێکی تری دیاری دەکەین و **پەیژە** «گام» مۆسیقاییەکەی پێ ڕێک دەخەین. پەیژەی مۆسیقاکەیشی لە ئاکامی دووبارە بوونەوە و بەردەوامیی «ڕیتم»ەکاندا دروست دەبێ، کە بەتێکڕای دووبارە بوونەوەی «ڕیتم»ەکان، ئاوازێکی مۆسیقایی بە دەست دێت. بۆیە گوێگرتن لە ڕیتم، واتە: لە **مۆسیقا**، یان زەبری مۆسیقا، لەسەر هەست و هۆشی مرۆڤ، ئەگەر بەقووڵیی گوێی پێ بدرێ، لەیەک کاتدا: چێژ وەرگرتنی توانای یادکردنەوەیە، لە زەمان و لە هەمان کاتیشدا بەسەربردنی «زەمان»ە، بەبێئەوەی هەست بەقورسایی تێپەڕبوونی «زەمان و کات»ەکە بکەین.

هەر لەبەرئەمەشە، لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە، زانایان و ڕابەرانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، دوای پشکنین و دەرک پێکردنی ئەم دیاردییە شاراوە – ئاشکرایەی ناو ئەم گەردونە، ئەم **ژمارە** و **ئاواز** «ریتم»ە شیان وەک سامانێکی گرانبەهای ئەو سامانە ئەزەلییانەی تر، قۆستەوە، وەک: ئاو، ئاگر، هەوا، **خاک** و... بەپێودانی **خستنە** گەڕی ئەو سامانە ناوبراوانە، ئەمیشیان وەک ئەوان، بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بەکارهێنا و لە سەرەتای مێژووەوە، **جڵەوی** بەکارهێنانی ئەم سامانە؛ کەوتە دەست ڕابەرانی ئایینی **ڕیگ ڤیدا** و خواوەندانی مۆسیقای **بابل و ئیلام و یۆنان** و پێغەمبەرانی وەک حەزرەتی **داوود** و حەزرەتی **زەرتوشت** و... دواتریش تەنینەوەی بەناوی تێکڕای **چین** و توێژەکانی جەماوەری گەلانی ناوچەکەدا و نیشتمانی کوردستانیش بەو هۆیەوە کە کەوتە ناوەندی ئەم جوگرافیایەوە و لەهەمان کاتیشدا کە هەر جوگرافیای کوردستان خۆی، بووە زێد و جەرگەی سەرهەڵدانی **زەرتوشت** و ئایینی «زەرتوشت»یش، لە دەربڕینی سۆز و نیاز و ڕازی ئایینی خۆیدا، شیعرگەلی **گاثای** بە **مۆسیقا** پیادە کردووە و دواتریش سەرهەڵدانی هەردوو ئایینی **ئیزەدی** «یەزیدی» و **ئەهلی هەق**، هەر لە کوردستاندا؛ ئەم دوو ئایینەش ئەگەر بەشێوەیەک لە شێوەکان، میراتگری ئایینی **زەرتوشت** نەبن، ئەوا پردی فەلسەفی و فیکری و خزمایەتی و نزیکایەتی، لە زۆر لایەنی جیاجیایاندا هەیە و ئەمانیش هەردووکیان ڕازونیاز و سۆزی ئایینی خۆیان، وەک ئایینی **زەرتوشت**، بە تێکەڵکردنی مۆسیقا، لەگەڵ شیعرگەلی «سروودی یارسان»ی «ئەهلی هەق» و «جیلوە – و مەسحەفا ڕەش»ی **ئیزەدی** «یەزیدی» پیادە کردووە.

که ئەم داروبارە تایبەتی و دەگمەنە، لای کەم نەتەوەی سەر زەوی هەبووە، تا مۆسیقا بەو شێوە سەرتاسەری و بەربڵاوە، لە ڕێگەی ئایینەوە، وەک کەرەسە و بابەتێکی پیرۆز و ڕێز لێگیراو، بگاتە سەرومڕی جەماوەر و **مۆسیقا** ببێتە بەشێکی سەرەکی ژیانی میللەت[1]. بۆیە گەلی کوردیش. جگە لەوەی لەلایەکەوە: ڕاستەوخۆ، یان لابەلاو کەمو زۆر، لە پێکەوەنانی شارستانێتی و ژیاری مۆسیقای ناوچەکەدا، بەئەندازەیەک کاری کردووە و لەلایەکی تریشەوە، بەجۆرێک مۆسیقا کاری تێکردووە کە زەبر و کەلەپووری ئەو میراتە واتە: مۆسیقا دێرینە و هەمەجۆرەیە، ئەوەندە کار لەسەر هەست و هۆش و دەروونی مرۆڤی کورد بکات کە مۆسیقا ببێتە هەوێنی ژیان و خۆراکی ڕۆحی و هەر لە تەمەنی کۆرپەیەتی و ساوایی سەر **بێشکەی** منالّیی کوردەوە، بە**لایەلایە**ی پڕ **ئاواز** و **گۆرانی** گۆش بگرێ و تا لە مەرگیشیا، **کۆتەڵ** و **چەمەری**، هەر بە**مۆسیقای** خەمگین بۆ ساز بکرێ. لە نێوان تەمەنی ئەم لە دایکبوون و مردنەشیدا هەمیشە **مۆسیقا** و **گۆرانی**، هاوڕێی ژیانی منداڵیی و مێردمنداڵیی و لاوێتی و پیرێتی مرۆڤی کورد بووە، کە تێکڕای یاری و کایەی منالاّنەی و قۆناغەکانی بەرودوای ژیانی، هەر لە کار و پیشەی ڕۆژانەیەوە تا قۆناغی عەشقێنی و ئاهەنگەکانی شایی و زەماوەند و شەوگەڕ و گۆوەند و خەم و خەونییەوە، هەر بە**گۆرانی** و **مۆسیقا** بووە.

ئیتر لەم هۆگربوونەی مرۆڤی کورددا، بە**مۆسیقا**وە جیاوازیی لەنێوان هەژار و دەوڵەمەند؛ نەخوێندەوار و ڕووناکبیر؛ شاری و گوندنشین؛ سیاسەتمدار و ڕابەر و جەماوەری ڕەشۆکیدا نەبووە. بۆیە کوردناسێکی وەک **کریس کۆچیرا**، کە دێتە سەرباسی سیماکانی کەسایەتی سەرکردەیەکی وەک سمایل خانی سمکۆ «کە بەداخ و مخابنەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا، تا ئێستاش، لای دوژمنانی کورد، وەک یاخی و پیاوکوژ و سەرچڵ، ناوی دێنن»، کەچی کاتێ کاربەدەستانی دەوڵەت «مەبەست لە دەوڵەتی ڕەزاشایە» بزووتنەوەکەیان تێکشکاندووە و ماڵەکەیان داگیر کردووە، پیانوویەکیان لە ماڵەکەیدا دیوەتەوە!، کە هەر وەک کریس کۆچیرای ڕۆژنامەوان دەنووسێ: «مێژوونووسان، لە بابەت بوونی ئەم پیانوویە، سەریان سوڕماوە!» (۱۰۳، ۹۲).

جگە لەوەی کە تێکڕای شیعری «سروودی گاثای زەرتوشت و سروودی یارسان»ی «ئەهلی هەق و جیلوە و مەسحەفا ڕەش»ی **ئیزەدی** «یەزیدی»، تا شیعری فولکلۆر و

(۱) مەگەر لای سۆمەرییەکان، کە لە سەدەکانی سەرەتای شارستانێتی زۆر کۆنیاندا، هەمیشە مۆسیقا بۆ کاروباری ئایینی و نیوە ئایینی بەکار براوە. ئەگینا لای دانیشتووانی دێرینەی «میسر» بۆ کات بەسەربردن و ئارەزووی خۆشیی ناو بنەماڵەکان بەکار براوە - (٤٣، ۱۰۳ ، ۱۰٤).



شیعری شاعیرانی کورد، بەو هۆیەوە کە هەموویان بە شیعری کێشدار «وەزندار»، واتە: مۆسیقادار نووسراون، بۆیە سەرومڕی شاعیرانی کورد، شارەزایی و پێوەندییەکی دوور و نزیکیان لەگەڵ مۆسیقادا هەبووە و هەموویان لە دووتوێی شیعرەکانیاندا، باسی جۆرەکانی ئامێری مۆسیقایی و دەسگای مۆسیقایی و مەقام و گۆرانییان کردووە و هەندێکیشیان ڕاستەوخۆ، خۆیان مۆسیقازان و مۆسیقاژەن و دەنگخۆش بوون.

لەنێوان ئەو هەموو جۆرە «گۆرانی و مۆسیقا»یەی ژیانی مرۆڤی کوردیشدا، ئەگەر سەرنج لەو مۆسیقا و گۆرانییە کۆنانەیان بدەین، کە بەشێوەی **کۆمەڵ و هەرەوەز** ئەنجام دەدەرێن، چ لە کاتی زەماوەند و خۆشیدا، وەک هەڵپەڕکێ و چ لە کاتی خەم و پەژارەدا، وەک **چەمەری** و گۆرانی **دروێنە** و **ساوەرکوتان** و **قوڕشێلان** و زۆر کار و پیشەی جیاجیادا، جگە لەوەی ڕیتمی مۆسیقاکەی زۆر گورج و توندوتۆڵە، لە هەمان کاتیشدا زۆر حەماسی و پڕ جۆش و خڕۆش و هەژانە، کە ئەگەر لە ناویاندا، لە دیمەنی هەڵپەڕکێ و چەمەری وردبینەوە، دەبینین جۆری دەست و پەنجە و باسک و شان و قۆڵ و جەستەی توند لەیەک ئالاندن و چەسپاندن و جولاّنەوەی پێکەوەی ڕیزی هەڵپەڕکێ و **چەمەری** کاران، لە ئاستێکدایە، وا هەست دەکرێ هەموو ڕێزەکە، لەسەر ئاوازی مۆسیقا حەماسی و مارش ئاساییەکە، بوونە یەک جەستەی توند پێکەوە جۆشخواردووی گرێدراو، کە هەستی هەموویان لە دیمەنی سەرچۆپی کێشی «**هەڵپەڕکێ**»دا، کۆدەبێتەوە و بەرجەستە دەبێ و لە هەندێ ناوچەدا، بەگیانێکی خرۆشاوەوە، تفەنگ و دەمانچە ئاگر دەدا، یان خەنجەرێکی ڕووت بەدەستەوە هەڵدەسوڕێنێ، یان دەقریوێنێ و دەسڕەیەکی سوور، بەژوور سەری هەموانەوە، ڕادەوەشێنێ، کە بەبێ هیچ دوودڵییەک، ئەمیش نیشانەی هەڵسوڕاندن و شەکاندنەوەی **ئالا**یەک دەبەخشێ. جگە لەوەی زۆرجاریش شۆڕە سواران، بەدەوری بازنە و ئەڵقە و مەیدانی هەڵپەڕکێ کەدا، ڕمبازی و غارغارێن دەکەن. لە «چەمەری»شدا، سەرەڕای ئەوەش مۆسیقاکە خەمینە، بەڵام بەشداران، تفەنگ بە دەستەوە دەگرن، یان دەمانچە و خەنجەر لە کەمەر و پشت دەبەستن.

ئەمە، ئەگەر لەهەر ناوچەیەکی کوردستاندا، جۆرە زەماوەند و هەڵپەڕکێیەکی تایبەتیش هەبێ، بەڵام تێکڕای مۆسیقای هەموو ناوچەکان، سیما و مۆرکی ئەو دیمەنە خرۆش و حەماسی و یەک پارچەیەییان پێوەیە. وەک دەزانین تەمەن و مێژووی «هەڵپەڕکێ و چەمەری»ش زۆر کۆنن و بەرهەمی ئەم چەند سەد ساڵەی دوایی نین و هیچیشیان زادەی کات و ساتێکی ڕاگوزارییانە و تایبەت بەناوچەیەک و کاری تاکە کەسیش نین. بەڵکو زادەی سەردەمێکن، کە دەسەلاّتێکی گەورە و بەربڵاوی هونەریی، توانیوێتی کاری

بە**کۆمەڵ** و **هەرەوەز** ئەنجام بدا و هەمان دەسەڵاتیش، بەسەرتاسەری کوردستاندا بڵاوی بکاتەوە. چونکە ئەگەر کاری تاکە کەسێک بوایە، یان تایبەت بوایە بەناوچەیەک، ئەوا دەبوایە وەک هەندێ بابەتی هونەریی، کە تایبەتن بە ناوچەیەکەوە، هەر لەو ناوچەیەدا قەتیس و سەقامگیر بوایە و بەجێگەی تردا، نە تەنیایەتەوە.

سەبارەت بەناوهێنان و دەستنیشان کردنی ئەو دەسەڵاتە سەرتاسەرییەش؛ بەلای زۆرەوە وا پێدەچێ کە دەسەڵاتێکی سەرتاسەری **ئایینی** توانیبێتی ئەم کارە هەرەوەزییە بخوڵقێنێ چونکە وەک بەشێوەی جووڵە و بزووتنەوەی **بەیەکەوە**ی ئەم هەڵپەڕکێ و سەمایانەدا دەردەکەوێ، جۆری **بەیەکەوە** سەر و گەردن هەڵبڕین بۆ ئاسمان، نیشانە و شەقڵی شێوە پەرستنێک بەبیردا دێت، کە بەدەم ئەم سەروگەردن هەڵبڕینەشەوە بزووتنەوە و هەڵپەڕین و دانەواندنەوەی توند و بەیەکەوەی پێی هەڵپەڕکێ کارانیش بەتایبەتی لە **هەڵپەڕکێی سێ پێی**دا، بیری کار و بەتایبەتی تریش، بیری کاری کشتوکاڵ و زەوی کێڵان و جووتیارییمان بەبیردا دێنێ و لە هەموو ئەمانەشدا، کە بیر بۆ مێژووی ئایینە کۆنەکانی جوگرافیای دێرینی کوردستان دەچێ، هەر ئایینی زەرتوشت بەبیردا دێت، کە لە پێش زۆر لە ئایینە کۆنەکانی تری ناوچەکە، بانگەوازی بۆ زەوی کێڵان و کشتوکاڵ و نیشتەجێ بوون و گوند و شارۆچکە و شار دروستکردن کردووە.

بەڵام لە **مۆسیقا** و **گۆرانی** تاکە کەسیدا، ئەم گیانی خرۆشان و هەڵچوون و حەماسەتە، بەگوێرەی جیاوازیی ناوچەکان، ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت و بەپێی هەڵکەوتی تۆپۆگرافی ناوچەکان، جیاوازیی ئاشکرا هەست پێدەکرێ. کە من پێم وایە: ناوچە زۆزان و سەختەکان، پلەی دەنگ و ڕیتمی مۆسیقا و گۆرانییان، توند و گورجە و تا بەرەو ئاران و پێدەشت و هەردە و هەڵەتی باشووریش، شۆڕتر ببینەوە، ڕیتمی مۆسیقا و گۆرانییەکان، هێمنتر و خاوتر و ئارامتر دەبنەوە. وەک ئەوەی ئەگەر لە جوگرافیای **لاووک** و **لاوژە** و **حەیران** و **سیاوچەمانە**دا، کە لە هەرێمە کوێستان و سەختەکاندان، ڕیتمی مۆسیقایان گورج و حەماسی بێت، ئەوا لە پێدەشتەکانی گەرمیانی دەوروبەری کەرکووک و سلێمانی و کرماشاندا، مەقامی خەمین و لەسەرخۆی وەک **ئای ئای** و **قەتار** و **خاوکەر** و **هۆرە** دەبیستین. سەرومڕیش، ناوەڕۆکی مۆسیقا و گۆرانی کوردی، هەر لە لاووک و لاوژەوە، تا بەیتەکان، کە زۆربەیان داستانی شۆڕش و میرنشین و قارەمانە میللی و جوانەمەرگ و بەئاکام نەگەیشتووەکانی کوردستانن. تا «بەستە و مەقام»ەکانی **قەتار** و **خورشیدی** و **خاوکەر** و **ئای ئای** گەرمیان و دەوروبەری کەرکووک؛ هەموویان نەک هەر تەنیا تۆێژاڵ، بەڵکو هەناسەیەکی پڕ ئاخوئۆف و ئای ئای و خەمێکی خەستیان تێدایە.



لە **لاووک** و **لاوژە**کاندا، ئەگەر بەسەرهاتی شۆڕشگێڕانەی بە ئاکام نەگەیشتوش نەبن؛ ئەوا هی دار و دڵخوازی بە ئامانج نەگەیشتون... لە **ئای ئای** گەرمیاندا، نائومێدی و لێک دابڕان و بێ بەشیی و زوێریی و ناڵین و سۆزی پڕ گریە و داد و هاوار و هەرچی واژەی خەم و پەژارە هەیە، تەنانەت لە **بەستە**کانی ناوچەکانی **سنە** و **موکریان** و **سلێمانی**دا، کە ئاوازەکانیشیان پڕ جۆش و خرۆش و جووڵەن، کەچی لە ناوەڕۆکدا، تێکڕا خەمینن.

ئەم لایەنە، لە هەموو ناوچەکاندا زیاتر، لە مەقامەکانی گەرمیان و دەوروبەری کەرکووکدا، بەزەقی هەست پێ دەکرێ. لەبەرئەوە ئەگەر مۆسیقا و گۆرانی هەر میللەتێک، دەربڕینێکی ڕاستگۆیانەی ناخ و دەروونی ئەو میللەتە بێت، ئەوا تێکڕای مۆسیقا و گۆرانی کوردی، شەقڵێکی تایبەتمەندی خەمناکی هەیە.

لێرەدا، لە جێی خۆیدایەتی جوگرافیای شێوەگەلی مۆسیقا و گۆرانی کوردی، دەستنیشان بکەین، کە بریتین لە:

**لاووک** و **لاوژە** و **حەیران** و **سیاوچەمانە** و **هۆرە** و **چەمەری** و **بەیت** و ناوچەکانیشیان بەمجۆرەیە:

١- **لاووک و لاوژە:** هەموو ئەو ناوچە کوردنشینانەی کە ئاخاوتنیان بەدیالکتی کرمانجی باکوورە.

٢- **حەیران:** قەرچوغ، بێژنگ بەسەر، کەندیناوە، زوورگەزراو، شەمامک، هەولێر، سەفین، هەیبەت سوڵتان، ڕایات، زینۆی شێخان، ڕەواندز، هەندرێن، زۆزک، گەلی عەلی بەگ، داری سەکران، خۆشناوەتی، پشدەر، بیتوێن، دەشتی دزەیی، موکریان.

٣- **سیاوچەمانە:** هەموو ناوچەی هەورامان: هەورامانی سەخت، لهۆن کە بریتییە لە ناوچەی پاوە و نەوسود، هەورامانی تەخت - کە بریتییە لە ناوچەی دزڵی و بەشێک لە ژاوەرۆ و مەریوان و دەوروبەری و گوندەکانی خۆرئاوای سنە.

٤- **هۆرە:** کرماشان، ئیلام، لەکستان، لوڕستان، زەهاو، ئیسلام ئاباد، کرند، گیلانی غەرب، قەسری شیرین، بێستون، هەرسین، سەحنە، دینەوەر، سونقوری کولیای، ماهیدەشت، شارەزوور، ڕۆخەکانی ڕووباری سیروان لە نزیک کەلار و دەوروبەری و ناوچەکانی کەڵهوڕنشینەکان.

٥- **چەمەری:** ناوچەکانی ئیلام و لوڕستان و کرماشان.

٦- **بەیت:** هەموو ناوچەی موکریان.

کەچی سەرەڕای جیاوازیی نێوان ئەم بابەتانەی گۆرانی و موسیقای کوردی، ناوچە

جیاجیاکان، کە وەک وتمان بەلای زۆرەوە «کاری تاکە کەسی»ن؛ لە چاو ئەو بابەتانەی تردا، کە وەک وتمان کاری بەکۆمەڵ و هەرەوەزن. بەڵام لە هەمان کاتدا و بەهەموویان شەقڵ و مۆرکێکی نیشتمان و مرۆڤی کوردیان تیا هەست پێ دەکرێ، کە شارەزایانی مۆسیقا، لە کوردناسانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا و پسپۆڕانیش لە نەتەوەکانی دراوسێمان، ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن و ئەم ناسنامەی تایبەتمەندێتی گۆرانی و موسیقایەی کوردی، لە چاو گۆرانی و موسیقای گەلانی تردا جیا دەکەنەوە. کە هەر وەک نموونە، بیروڕای کوردناسێکی وەک **میستەر ڕالف** بەسەر دەکەینەوە، کە لەم بارەیەوە دەڵێت: «گۆرانی کوردی، نەک تەنیا فۆلکلۆری کوردی پاراستووە، بەڵکو زیاتریش توانیوێتی خۆی لە کارتێکردنی ئاوازی بیانە بپارێزێ» (١١٠، ژمارە ١٠٦).

بۆیە من پێم وایە بۆ ئەوەی ئەو سیمای تایبەتی و ناسنامەی ڕەسەنی گۆرانی و موسیقایەی کوردی بپارێزین و دەرەوشاوەتر بکرێن. دەبێ هەر هەنگاوێک، بەنیازی پتەوکردنی ناسنامەی کەسایەتی و تایبەتمەندێتی گۆرانی و موسیقای کوردی؛ لە ئێستا و داهاتوودا هەڵبگیرێ، لە ڕوانگە و کلاوڕۆژنەی ئەو بابەتە **گۆرانی** و **مۆسیقا** دێرینە و ڕەسەنانەوە بێت، کە لە سەدان و هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە توانیویانە هەوێن و نهێنی زیندوویەتی و تایبەتمەندێتی خۆیان، لەگەڵ خۆیاندا، لە سنگی نەوەکانی پێشینەوە، بگەیەننە ئێستا و ئێستاش کە لە لایەکەوە: سەنگەری پێشخستن و پاراستنی ئەم گەنجینە دەوڵەمەندە، پارێزەرێکی دەسەڵاتداری نییە تا بەرنامەی زانستیانە، بۆ پێشخستنی دابڕێژێ و لە لایەکی تریشەوە: کە داروباری تەکنۆلۆژیای ژیانی شارستانێتی، تا دێت بەتەنگ کاری **هەرەوەز** و **بەکۆمەڵەوە** نایەت و ئەمیش وەک مەترسییەکەی پێشوو، هانی کاری تاکە کەس دەدات، کە بەمەش بەرەبەرە و لە ئەنجامدا، نەک هەر کاری مۆسیقایی **بەکۆمەڵ** و **هەرەوەز**، پشتیان تێ دەکرێ، بەڵکو کاری «تاکە کەس»ەکانیش، لە سەرچاوە و چاوگە ڕوون و ڕەسەنەکان، دووردەکەونەوە و خۆیان بەجۆرێک گوم دەکەن، کە ناسنامەکانیان ناناسرێتەوە.

لەبەرئەوە بۆ پتەوتر ڕاگرتنی مۆسیقا و گۆرانی ڕەسەنی کوردی و پاراستنیان، پێویست بەڕێزگرتن و ئارایشت کردنەوەی ئەو بابەتە جیاجیایانەی مۆسیقا و گۆرانییە، تا بەگیانی زانستیانە و هاوچەرخانە، مۆرکی خۆماڵییانەیان زاخاو بدرێتەوە، کە گەلانی پێشکەوتووی دنیا و دراوسێکانی کوردیش لە پێناوی پاراستنی کەلەپووری مۆسیقا و گۆرانی خۆیاندا، زۆر زووتر هەوڵی بایەخ پێدان و ڕێزگرتن و بەرنامەی هەمەجۆر پێشترخستن بۆ دانان و کردنەوەی فێرگە و پەیمانگە و زانکۆی تایبەتی و دامەزراندنی



کتێبخانەی ئەرشیفی، بۆ پاراستنی کەلەپووری مۆسیقا و نووسینەوەی هەمەلایەنەی مێژووی مۆسیقای خۆیانن، لە کاتێکا کورد لە چاو هەندێ لەو دراوسێ و گەلانەدا، بەشدارییەکی ڕاستەوخۆتری لەو مێژووی مۆسیقایەدا کردووە، کە ئێستا هەموو گەلانی ناوچەکە، بەموڵکی هاوبەشی خۆیانی دەزانن و شانازیی پێوە دەکەن و پسپۆڕانی مۆسیقای جیهان پێی دەڵێن: «مۆسیقای ئێرانی کۆن» وەک دواتر باسی دەکەین، کە وەک دکتۆر مارف خەزنەدار، لەم بوارەدا دەڵێ: «ئەگەر بەشی کورد، لەو تاقیکردنەوەیە، لە ئەوانی تر، زیاتر نەبێ، کەمتر نییە» (٩٢، ٦).

بۆیە، بۆ شوێن پێ هەڵگرتنی **مێژووی مۆسیقای کوردی**، کە بەردی بناغەیە، بۆ دێرینەی مۆسیقای کوردی و هەموو پێ هەڵگرتنێکیشە، بۆ چۆنێتی بەرنامە دانان، بۆ ئایندەی مۆسیقای کوردی، ئەو ڕێگەیەم گرتەبەر، کە سەروەریی و ڕادەی هاوکاری و بەشداریی ڕاستەوخۆ و لابەلای کورد لە خەرمانی مێژووی مۆسیقای ناوچەکەدا، بە جۆرێک بەیاد بهێنمەوە، تا یاسا و زانستی مێژوو، پەسەندی بکەن.

بۆ ئەمەش، ئەوەندەی دەربەستی بەڵگەی زانستی و عەقڵی پشکنین و گەڕان بەشوێن ڕاستیدا بووم، ئەوەندە بەتەنگ پڤدان و گیبڤ کردنەوەی بێ بناغە و بێ بەڵگەی گیانی دەمارگرژی و حەماسە بەزۆر خوولقاندن و «بەئەفسانە! مێژوو دروستکردن»ەوە نەبووم، کە بێگومان شارەزایانی مۆسیقای کوردی دەزانن، بۆ ئەمجۆرە کارانەش، پێشینەیەکی نووسراو و سەرچاوەیەکی مۆسیقایی وامان لەبەر دەستدا نییە، تا ڕێنماییان بکەن و پشتیان پێ ببەستین و بیانکەینە، کەرەسەیەکی زانستییانە.

خۆ ئەگەر هەندە تەقەللایەکیش لە بەرهەمی نووسەران و هونەرمەندانی کورد و کوردناسانی بیانی، لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا، لەم مەیدانەدا، لەبەردەستدا هەبن، هیچیان ڕووەو ڕێبازی **مێژووی مۆسیقای کوردی** هەنگاویان هەڵنەگرتووە.

لەبەرئەوە ناکرێنە بەردی بناغە و دەستەچیلە بۆ ئایندە، بەتایبەتیش تەقەللاکانی نووسەران و هونەرمەندانی کورد، **جگە لە هەندێکیان**، زۆر سادە و ڕاگوزاریانەن و زۆر و بۆرن. بەڵام هەروەک نموونە و ناوهێنان، ناوی هەندێ لە تەقەللا دیارەکان بەیاد دێنینەوە:

**١- تەقەللاکانی نووسەران و هونەرمەندانی کورد:**

– گۆرانی و سروودی کوردی، کوردی – مەریوانی، بەغدا، چاپخانەی أیتام ١٩٣٢ز. ئەم کتێبە ٦٥ سروود و گۆرانی کوردی تێدایە.

- سالّی ١٩٣٦ز ئەمینی عەڤدالّی و حاجی جندی، کتێبێکی گەورەی فۆلکلۆری کوردییان بلاّوکردەوە، لەم کتێبەدا گەلێک گۆرانی و داستان و ئەفسانەی کوردیی تێدا تۆمار کراوە. ئەم کتێبە ٦٦٣ لاپەڕەیە و پەخشنامەی دەولّەتیی کۆماری سوسیالیستی ئەرمەنستانە(٥٨، ٥٦٧).
- ترانەهای کردی، بەتەرجەمەی فارسییەوە، لەلایەن «م.س.پ.»، تاران، چاپخانەی ابتکار، بەلاّم سالّی چاپی لەسەر نییە.

ئەم نامیلکەیە ١٣ لاپەڕەیە و هەندێ شیعری گۆرانی میللی ناوچەی **سەقزی** تێدایە و وەک سۆراخی ناوی نووسەرەکەیم کرد، بۆم دەرکەوت، کە م.س.پ. کورتکراوەی ناوی ئەندازیار، سالمی کوڕی میکایلی پەرهامییە، کە کوردێکی جوولەکەی دانیشتووی شاری سەقز بووە و لەوەش دەچێ لەنێوان سالاّنی ١٩٤٥-١٩٤٦ز ئەم بەرهەمەی چاپکردبێ.

- گۆرانی، یان: ترانەهای کردی، دکتۆر سەیید محەمەدی عەبدوللاّی کەیوانپور-ی موکری، تاران، ١٣٣٠ خورشیدی.

ئەم کتێبە، هەولّێکی سەرەتاییە، ڕچە شکاندنێکی زیرەکانە و وریایانەیە، جگە لەوەی پێشەکی هوشیارانەی بۆ ئەو کاتە، بۆ نووسیوە.

ئەم کتێبەم هێناوەتە سەر ڕێنووسی کوردی و سالّی ١٩٩٤ز، لە تەورێز بەپێشەکی تازەوە، بەچاپم گەیاندووە.

- سالّی ١٩٥٧ز حاجی جندی، لەژێر ناوی «فۆلکلۆری کوردی»دا، کتێبێکی گەورەی ٢٩٣ لاپەڕەیی لە چاپداوە.
- ترانەهای محلی لرستان، خرم آباد، ١٣٤٥ خورشیدی (١٩٦٦ز) حمید ایزدپناه.
- سالّی ١٩٦٥ز خانم جەمیلە جاسم، تەقەللایەکی سەرەتایی بۆ تۆمارکردنی هەندێ گۆرانی کوردی بەنۆتەی مۆسیقای لە کتێبێکدا لە چاپداوە. ئەم کتێبە دووبارە لە سالّی ١٩٨٢ لە **سوید** بەتیپی لاتینی لە چاپدراوەتەوە. دیسان هەر خانم جەمیلە جاسم ئەم بەرهەمانەی تریشی لەسەر مۆسیقای کوردی هەیە:
- کلامێد جەماعەتا کوردا، یەریڤان، ١٩٦٤
- کلامێد جەماعەتا کوردا، مۆسکۆ، ١٩٦٥
- کلامێد و مەقامێ جەماعەتا کوردا، مۆسکۆ، ١٩٧٣



- سترانێ جەماعەتا کوردا، یەریڤان، ١٩٧٧
- کلامێد و مەقامێ جەماعەتا کوردا، موسکۆ، ١٩٨٦[١]
- کۆمەلّێک لاووک و حەیران، محەمەدی مەلا کەریم، بەغدا ١٩٦٨
- سترانێ زاگوتنا کوردایە تاریقییێ، ئۆردیخانی جەلیل.

ئەم کتێبە، سالّی ١٩٧٧ز، شوکور مستەفا و ئەنوەر قادر محەمەد هێناویانەتە سەر ڕێنووسی کوردی و فەرهەنگیان بۆ کردووە.

- دەروازەیەک بۆ گۆرانی و ئاوازی کوردی، مەحموود زامدار، بەغدا. ١٩٨٠ز، چاپخانەی دار الحرية للطباعة.
- لێدوانێکی کورت لە مەقام و مۆسیقای کوردی، عوسمان شارباژێڕی.
- گەنجینەی گۆرانی کوردی، عوسمان شارباژێڕی، بەغدا، ١٩٨٥ز، چاپخانەی الزمان.
- تیۆری مۆسیقا، سەلاح ڕەئوف، بەغدا، ١٩٨٩ز، چاپخانەی سومر.
- ئامێرەکانی مۆسیقای کوردی، وریا ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر ١٩٨٩ز.

جگە لەمانەش تەقەللای تاکە کەسی هونەرمەندانی وەکو: **گولّە مێلاقەی کوردستان، ڕەسولّ گەردی و چریکەی کوردستان، حەسەن زیرەک و گولّی سەریەستی، تایەر توفیق و گۆرانیەکانم، عەلی مەردان** و... هتد. کە لەناو تێکڕایی ئەو ناوانەی سەرەوەدا و زۆری تریشیان، هەر دەتوانرێ ناوی هەنێکیان لەبەر چاو بگیرێن، چونکە ئەوانیتریان، یان کۆکردنەوەی بەیت و شیعری فۆلکلۆری سەرزاری خەلّکین، «کە ئەمە زۆر ئاسانە و هەموو کەس لە دەستی دێت»، یان زانیاری گشتین لەسەر مۆسیقا و بۆ کوردی تەرجەمە کراون و لە هەمان کاتیشدا سادەن و لە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانیی دەچن و دوورن لە پێناسەی گۆرانی و مۆسیقای کوردی و لێدوانی زانستیانە و قوولّ. هەرچەندە لەم بەسەرکردنەوەیەدا ناوی قادری فەتاحی قازی، کەمال ڕەئوف محەمەد و ئەحمەد بەحری، دێنە یادمان، کە هەر یەکەیان لە بوارێکی ئەم هەولاّنە دا، تەقەللای ورد و دلّسۆزانەیان داوە.

(١) ناوی ئەم (٥) کتێبەی دوایی، لە چاپی یەکەمی ئەم کتێبەدا نەبوون. چونکە هاوینی سالّی (٢٠٠٠) لە دیدەنییەکی تایبەتدا لە هەولێر، خانم جەمیلە خۆی ئەم ئاگادارییانەی دامێ و من هێشتا ئەم بەرهەمانەیم نەدیون. لەم دیمانەدا دکتۆر ئۆردیخانی جەلیل و دکتۆر کوردستان موکریانی و کاک سەرۆ قادر ئامادە بوون.

## ٢- تەقەللاکانی بیانی و کوردناسان:

- ساڵی ١٨٤٩ز ، فردریک بۆدن شتێت Stedt Boden Friedriok Von - باسێکی زانستییانەی لەسەر گۆرانی و ئاوازی کوردی نووسیوە. بەداخەوە ئەم هەوڵە بەکەڵکە هێشتا نەکراوە بە کوردی.
- ساڵی ١٨٨٩ز، مۆسیقازانی مەزنی ئەرمەنی «کۆمیتاس» لە بەرلین، تێزێکی لەسەر **مۆسیقای کوردی** نووسیوە و لەم تێزەدا ١٣ گۆرانی کوردی هێناوەتە سەر شێوەی نۆت. ئەم دەست پێشکەرییە زیرەکانەیەی، کۆمیتاس، لە بەرگی پێنجەمی کتێبی: پێناسەکانی نەتەوایەتی، ئەمینی عەڤداڵ، شاعیر و توێژەرەوەی کوردی ئەرمەنستان (١٩٠٦-١٩٦٤ز)دا هاتووە.
- ساڵی ١٩٠١-١٩٠٣ز، ئۆسکارمان، لەسەر فرمانی خاوەن شکۆی ئیمپراتۆری دەوڵەتی ئەڵمان، بۆ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی: کوردی، فارسی، گەلێک بەیت و گۆرانی و چیرۆک و داستانی وەک: مەم و زین؛ ناسر و ماڵ ماڵ، زەمبیل فرۆش، بەیتی ئەورەحمان پاشای بەبە و... هتد، لەسەر زمانی رەحمان بەکر و رێنوێنی میرزا جەوادی قازی کۆکردۆتەوە و ئەم تێکستانەی بەتیپی عەرەبی و لاتینی و وەرگێڕانی ئەڵمانییەوە، لە ساڵی ١٩٠٥ز ، لە بەرلین چاپدا و بڵاوی کردۆتەوە، «هێمن»ی شاعیریش، لە ساڵی ١٩٧٥ز-دا هێناویێتیە سەر رێنووسی کوردی و کۆڕی زانیاری کورد، ئەم تێکستانەی لە دوو بەرگدا چاپ کردووە.

بەڕای من، ئەم کارەی «ئۆسکارمان» یەکێکە لەو کارە تاقانە و دەگمەنانەی کە لەو کاتەوە، تا ئێستاش کاری وا دڵسۆزانە، بۆ تۆمارکردنی بەیت و گۆرانی کوردی، زۆر کەم کراوە و جێی داخمە کە مۆسیقازانان و گۆرانیبێژانی کوردی، زۆر کەم ئاوڕیان لێ داوەتەوە و بەسەریان نەکردۆتەوە و بەگیانێکی هاوچەرخانە، نەیان ژیاندوونەتەوە.

- ساڵی ١٩٥٣ز، پرۆفیسۆری ئەمەریکایی، لە زانستگەی کۆلۆمبیا، راڵف سۆلیکی (Ralph. S. Solecki) لە کاتی خەریکبوون و گەڕانیدا لەگەڵ دەستەیەک ئارخێلۆژناسدا بەکوردستاندا، ژمارەی ١٣ گۆرانی و ٥ پارچە مۆسیقای کوردی، لەسەر قەوانێک تۆمار کردووە و لەگەڵ نامیلکەیەکی ٨ لاپەڕەییدا، کە بەزمانی ئینگلیزییە و لە نووسینی **سۆلێکی** خۆیەتی، چاپ و بڵاوکردۆتەوە. قەوانەکە بەهەردوو دیوەکەیەوە ٣٤ دەقیقەیە و گۆرانییەکانیش (٩)یان کرمانجی باشور و (٤)یان کرمانجی باکورن، تێکراش **لاووک** و **حەیران**-ن. گۆرانییەکان، مۆسیقایان لەگەڵدا نییە و پارچە



مۆسیقاکانیش (٢)یان بەدەم دووزەلەی تاک جووتەوەیە و (٣)یان بەدەم دووزەلە و تەپڵەوەیە. نامیلکە و قەوانەکەش لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی: ئێتینکی فۆلکلۆرییە، نیویۆرک، ئەمەریکا.

سۆلێکی لە نامێلکەکەیدا، بەکورتی ئەم باسانەی نووسیوە:

١- پێشەکییەکی مێژوویی دەربارەی کورد و کوردستان.
٢- باسکردنی چۆنێتی تۆمارکردنی گۆرانی و پارچە مۆسیقاکان.
٣- گۆڕینی چەند «بەیت»ێکی گۆرانییەکان، بۆ زمانی ئینگلیزی.
٤- ناوهێنان و پیشاندانی چەند ئامێرێک بەوێنەی فۆتۆگرافی.

هەروەها باسکردنی چۆنێتی دروستکردنیان و گێڕانەوەی هۆش و لێکدانەوەی خۆی بەرامبەریان. ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە، باری سەرنجی سۆلێکی‌یە دەربارەی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، کە بەمجۆرەی باسکردووە:

«ئەگەر چی ئەم گۆرانییانە لەمەڕ دڵداری و کێشە و دەنگ دەدوێن، بەڵام شێوەی زۆری ئەم گۆرانییە فۆلکلۆرییانە، لە گۆرانییەکانی سەرزاری چیانشینەکانی **ئەپالاشیا** دەچن، کەوا هەست دەکەیت مەزاجیان چوون یەک بێت. گۆرانی فۆلکلۆری کوردی، لە باوەشی سروشت و لە هێمنایەتیدا زۆر خۆش دەبیسترێ. گۆرانی کوردی، فەرهەنگ و نەریتی میللی کورد دەپارێزێ» (١٠٩، ٨٨-٩٤).

- ساڵی ١٩٧٥ز، دەستەیەک مۆسیقازانی ژاپۆنی سەردانی کوردستانی ئێرانیان کردووە و وتوێژینەوەیەکی مەیدانییان لەسەر **گۆرانی** و **مۆسیقای کوردی** گەڵاڵە کردووە و بەچاوێکی زانستانەی مۆسیقای هاوچەرخانە، سەرنجێکی باشیان لە گۆرانی و مۆسیقای کوردی داوە و گەلێ گۆرانییان کۆکردۆتەوە و لەگەڵ خۆیاندا بردوویانەتەوە و دواتر، یەکێک لە دەستەکەیان، بەناوی **ئایاکوتا تیسومورا**، لە دانشگای میللی موسیقا و هونەرە جوانەکانی تۆکیۆ، گەڵاڵەی ئەو توێژینەوەیەی کردووە بەوتارێک و لێکۆڵینەوەیەکی بەکەڵک و دەوڵەمەندی لەگەڵ دەقی نۆتەکانی چەند گۆرانییەکدا نووسیوە و بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٠ز دا، بەزمانی ئینگلیزی، لەژێر ناوی: Musics and Culture The Kurds و لە گۆڤاری: No. 5. 1980 Etnonological Senri Studies-دا بڵاوی کردۆتەوە.

دواتر «ئەنیستیتۆی کورد - لە پاریس» ئەم وتارەی لە گۆڤار وەرزانەکەیدا، بەزمانی فارسی باوی کردۆتەوە.

من پێم وایە ئەمە یەکەمین تەقەللای زانستیانەی نوێیە، لە دیدی مۆسیقای

ئەکادیمیانەوە، کە تا ئێستا بیانی لەسەر کوردیان نووسیبێ.

ئێستا دەقی نووسینە فارسییەکەم لەلایە و کردیشم بە کوردی، بەڵام لەوە دەچێ وەرگێڕەکەی لە ئینگلیزییەوە بۆ فارسی، سەرکەوتوو نەبێ. چونکە کاتێ لە دەرفەتێکدا، دەقە فارسییەکەم نیشانی کاکە هۆشەنگی کامگار دا، سەرنجی ئەویش وابوو کە کەسێکی نەشارەزا لە مۆسیقادا، وەریگێڕاوە. لەم ڕووەوە سەرنج و بیروڕا دەبڕین لەسەر تێکڕای ناوەڕۆکی ئەم وتارە بەنرخە، دەهێڵمەوە بۆ ئەو کاتەی بتوانم لە دەرفەتێکی نزیکدا، دەقە ئەسڵییەکەیم چنگ بکەوێ. هەرچەندە کەم تا زۆرێکیش، بەڵام نەک وردەکارییەکانی، لە تەواوی بیروڕا و سەرنجەکانی نووسەرە ژاپۆنییەکە، شتێک هەڵدەگۆزرێ.

وەک وتم، بەچاکم زانیوە بۆ گەیشتنەوە بەسەرچاوەی ڕاست و دروست، بۆ مێژووی مۆسیقا و گۆرانی کوردی، هەر لە مێژووی «زەرتوشت» و «ئەهلی هەق» وە دەست پێ بکەم، چونکە ئەگەر کورد خۆی بەمیراتگری شارستانێتی ماد بزانێ، ئەوا **زەرتوشت**، نەوەیەکی بەناوبانگ و هەڵکەوتووی ناو **مادەکانە** و پەیڕەوانی «ئەهلی هەق»یش، بەهەق کوردن و لە کوردستاندا دەژین و تا ئێستاش هەر بە کوردی **گۆران** دەدوێن. بەو هۆیەشەوە، کە ئەم بەرهەمە، تەقەللایەکە بۆ گەڕان بەشوێن سەرەداوەکانی «مێژووی مۆسیقای کوردی»دا، نەک «زانستی مۆیسقا» ، بۆیە هەر کتێبخانەی دەوڵەمەندی «فارسی»م کردە بنەمای کار و هەنگاو هەڵگرتن. چونکە من پێم وایە، نەک هەر بۆ ئەم کارە، بەڵکو مێژووی دەوڵەمەند و دەست بۆ نەبراوی هەموو بوارەکانی فەرهەنگیی و ئەدەبیی و مێژوویی، ژیانی سەرومڕی کوردەواری، بەر لە هەر کتێبخانەیەکی تر، لە کتێبخانەی فارسیدایە و سەیریش نییە کە یەکەمین کتێبی مێژوویی کورد: شەرەفنامە، هەر بە فارسی نووسرابێ.

لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوودا، بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی زانیاریی لە بارەی مۆسیقاوە، کاتێ سەرم لەو ڕۆژگارە دوورە مێژووییانە و بەتایبەتیش ئایینی **زەرتوشت** و ئایینی **ئەهلی هەق** داوەتەوە. بەچاکم زانیوە بۆ زیاتر ئاگادار بوونی خوێنەران، لە پەیام و ئایینی **زەرتوشت** و **ئەهلی هەق**؛ هەر بەتەنیا لایەنی **مێژووی مۆسیقای** ڕووتم مەبەست نەبێ، بەڵکو لە دیدەنی ژووری مۆسیقای ئەم دوو ئایینەوە، هەر لە پەنجەرەی ئەو دوو ژوورەوە، سەرێکیشم دەرهێناوە و لە سەرومڕی حەوشە و هەیوان و داڵانی ئایینی زەرتوشت و ئایینی **ئەهلی هەق** ورد بوومەتەوە و ئاکامی چاوگێڕان و وردبوونەوەکەمم، بۆ خوێنەران گێڕاوەتەوە. کە ئەمە بۆ یەکەمین جارە، بەو تەقەلا بچووکەی من «کە ئەوپەڕی هەوڵم داوە بەکورتترین ڕستە و دەربڕین، بەڵام پوخت و خەست» ئاوڕێکی کوردانە، لەم دوو ئایینە



مەزن و پەیامبەرە بلیمەتە «زەرتوشت» دەدرێتەوە. ئەو «زەرتوشت»ەی هەموو فەیلەسوفان و زانایان و پسپۆرانی جیهانی بەخۆیەوە سەراسیمە کردووە و بە دەیان کتێبیان بە هەموو زمانە جیاجیاکانی دنیا، لەسەر نووسیوە. کەچی خوێنەرانی کورد، کە نزیکترین نەوەی زەرتوشتی سەر بەرەگەزی مادی و ئاریایی نەژادن، لێی دوور و نەشارەزابن!، بەتایبەتیش خوێنەرانی ئێستای کوردستانی باشوور، لەچاو خوێنەرانی کوردستانی ئێراندا، زۆرتر پێویستیان بەم زانیارییانە هەیە... جگە لە کتێبخانەی کوردیش، کە لەم باسانە، بێ بەشە.

هەرچەندە نیازم هەبوو، کورتەیەک لەسەر مێژووی ئایینی **ئیزەدی** «یەزیدی»ش بنووسم. بەڵام لە لایەکەوە: کە ئەم ئایینە، لە چاو دوو ئایینی ناوبراودا، هەندێ لێکۆڵینەوە و کتێبی تایبەتیان بەزمانی کوردی لەسەر نووسرا بوو، بەتایبەتی لەلایەن مێژوونووسی گەورە محەمەد ئەمین زەکی(٩٩، ج٢-٢٨٢)؛ جەلادەت بەدرخان، لە گۆڤاری هاواری ساڵی ١٩٣٣ز (٩٨، ١٢٣)؛ کامەران بەدرخان لە ژمارەکانی ١٤، ١٦ی گۆڤاری هاواری ساڵی ١٩٣٢-١٩٣٣ز(١١٤، ١٠)؛ توێژینەوەی زیرەکانەی زانای ناسراو توفیق وەهبی، بەزنجیرە وتارێک لە ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٠ز؛ مامۆستای خوالێخۆشبوو شاکر فەتاح، لە کتێبی **یەزیدییەکان** و **ئایینی یەزیدی**(١٠٢)دا و شاعیر و نووسەر هەژار، لە کتێبی «آداب و رسوم کُردان»(٨، ٢٦٧-٢٧٧) و دەیان نووسەری گەلانی دوور و نزیکیش، بەزمانی جیاجیای دنیا، لێکۆڵینەوە و کتێبی زۆریان دەربارەی ئەم ئایینە نووسیبوو. کە ئەگەر لەنگەرێک لای ئەوانەیان بگرین، کە دەربارەی **پێوەندی ئایینی یەزیدی** و **مۆسیقا** نووسیویانە، ئەوا ناوی زانای ڕوسی ن. مار و لیپارد بەیاد دێنینەوە.

لە لایەکی تریشەوە، کە بەلای خۆمەوە تەماویی بوو، ئاخۆ پیادەکردن و بەکارهێنانی ئامێری **مۆسیقا** «تەموورە»، لە لایەن پەیڕەوانی ئەم ئایینەوە، تا چ ئەندازەیەک پێوەندی بەهەردوو کتێبی «جیلوە و مەسحەفا ڕەش»ی ئایینەکەیانەوە هەیە! بۆیە زۆر ڕاگوزارییانە، سەبارەت بەپێوەندی ئایینی ئیزەدی و مۆسیقا تێپەڕیوم. لە دووتوێی بەسەرکردنەوەی مێژووی ئایینی «ئەهلی هەق»یشدا، خۆم لە باس و خواسی پێوەندی و تێکەڵاویی و جیاوازیی ئایینی **ئەهلی هەق** و **کاکەیی،** نەبان کردووە، چونکە: لە لایەکەوە، وەک زانای گەورە **توفیق وەهبی** دەڵێت: «هێشتا نووسەرانمان ئەمەیان بە تەواوی بۆ ساغ نەکراوەتەوە» (٥٨، ٧٧). لە لایەکی تریشەوە، ئەم کارە بۆ ئەم چەند لاپەڕەیە: **مێژووی مۆسیقای کوردی**، بە کارێکی لاوەکی و جیا لەم تەقەللایەی خۆمم دەزانی.

کارەکەشم هەرچەندە تەقەللایەکی بچووک و سەرەتاییە، بەڵام زۆری پێوە ماندوو بووم و هەڤاڵانم لە: سەقز و بانە و بۆکان و ورمێ و مەهاباد و سنە و کرماشان و سلێمانی و تاران دەزانن چەند بەپەرۆشەوە بەشوێن بچووکترین تروسکەیەکی زانیارییدا، لە سۆراخ و پشکنیندا بووم، کە بەکەڵکی ئەم بەرنامەیەم بێت و بۆ ئەم مەبەستەش سەرم بە چەند دەروازەی بەبڕشت و کاولاشی قاقڕ و باوەشی گەرم و سارد دا کردووە و چەند بەدژواری ئەم چەند لاپەڕە نیوە ناچڵەم پێکەوە ناوە، کە ئەگەر یەکەمین هەنگاویش بێت، دڵشادم بەوەی دەبێتە هەوێن، یان کەرەسەی خاو و بەردەبازێک بۆ پسپۆرانی دڵسۆز، کە لە داهاتوودا، زانستانەتر، ئەم ڕەنجە هەژارە، دەوڵەمەند بکەن.

هەرچەندە لەم ڕەنجەدا ژمارەیەکی زۆری دۆستان و مامۆستایانی هێژا، یارمەتی و هاوکاری و ڕێنمونی هەمەجۆرەی یەکجار دڵسۆزانەیان کردووم؛ بۆیە لەو بڕوایەوە کە دەبێ کاری چاک باسبکرێ؛ بەپێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینم، پیشکەش بکەم بۆ:

کاک ڕەسوڵی میرزاپوور – مامۆستای عوود، سەرگورد محەممەد ناهید مامۆستای تار، کاک خالیدی ڕەشیدپوور لە سەقز، کە بەم بەرهەمەدا چوونەتەوە و سەرنج و پێشنیاری بەکەڵکیان هەبووە. هەروەها هونەرمەند هادی زیائەددینی و ئەندازیار شاپوور حەسەن نەژاد و هاوڕێیانم لە پەیڕەوانی ئەهلی هەق، لە کرماشان و قوروە و ئیلام کە حەزیان نەکرد ناویان بهێنم. کاکە دیلمان ئەحمەد، کە لە هەڵەگیریی چاپی دووەمدا زۆر ماندوو بووە.

سوپاسی تایبەتیشم بۆ نەجیبە ئەحمەدی شاعیر و هاوڕێ کە لەگەڵ تەمەنی درێژی ئەم بەرهەمەدا، ڕەنجی پیاچوونەوەی هەموو بەشەکانی ئەم کتێبەی لەگەڵ کێشام.

محەممەد حەمە باقی

سەقز

سەرەتای بەهاری ١٩٩٥ زایین



سەرنج:

لەم کتێبەدا سیستەمێکی رووسیم بۆ دەستنیشانکردنی سەرچاوەکان بەکاربردووە، کە بریتییە لەوەی: ژمارەی یەکەمی ناو کەوانەکان، ناوی سەرچاوەکە و ژمارەکانی دوایی، ژمارەی لاپەڕەکانی ئەو سەرچاوانەن.

# گەڕان بەشوێن ناسنامەدا

گوێگرتن و هۆگرییم لە دەمێکەوە، بۆ گۆرانی و مۆسیقا، دۆستایەتی و ئاشنایەتییەکی گەرم و پتەوی لەگەڵ گۆرانی و مۆسیقادا لا دروست کردووم، کە ئەم نزیکایەتی و هۆگر بوونەشم بەدرێژایی ئەو تەمەنی گوێگرتنەم، بە**گۆرانی** و **مۆسیقای کوردی** و بەتایبەتیش گۆرانی فۆلکلۆریی، توانای تەتەڵە و بژار و لە بێژنگدانی ئاواز و گۆرانی **ڕەسەن** و **ناڕەسەن**، یان **کوردی** و **ناکوردی** بوونی داومەتێ و «گۆران»ی شاعیری گەورە، واتەنی: «مەزاجی کوردەواری»یی لە ژەنگ و ژاری ئاواز و گۆرانی بیانە، پاراستووە و لە هەمان کاتیشدا، ئاوازی «رەسەن و ناڕەسەن»ی بۆ جیا کردوومەتەوە».

ئا لێرەدا، کە باس هاتۆتە سەر جیاکردنەوەی **ڕەسەنایەتی** و **ناڕەسەنایەتی** ئەم مەقام و میلۆدییانە، هەمیشە لە خۆمم پرسیوە: سەنگی مەحەکم بۆ ئەم جیاکردنەوەیە چییە؟ لە دواییدا، هەر خۆم وەڵامی خۆم داوەتەوە و وتوومە: دەشێ مەبەست لە **کوردی بوونی** ئەو مەقام و میلۆدییانە، ئەو شوێن پەنجە و زەبر و شوێنەوارە بێت، کە ئەو بەرهەمانە، لە هەست و هۆش و بیرەوەری و مەزاجی کوردەواری یدا بەجێی دەهێڵن.

لەبەرئەوە، ئەو مەقام و میلۆدییە ڕەسەنانەی توانیویانە شوێنەوار و شوێن پەنجە، لە دڵدا بەجێ بهێڵن، یان ئەو چەندان ئاوازە فۆلکلۆرییانەی لە دێر زەمانەوە، شەقڵ و بۆن و بەرامە و مۆرکی خۆماڵییانەیان پێوەیە، وەک بۆ نموونە لە «مەقام»دا: لاووک، حەیران، قەتار، لە «بەستە»شدا: کیژان دەچنە مێرگولان، دەچمە سەر ناڵە شکێنە، کابۆکی، لەسیلەی قەبران... هتد، وەک چۆن ئاواز و گۆرانی هیندی و ئەفەریقایی، کەسایەتی و ناسنامەی خۆیان هەیە، هەر بەو جۆرەش ئەم مەقام و میلۆدییانە، ناسنامە و کەسایەتی خۆیان هەیە و دەناسرێنەوە؛ بەڵام لە هەمان کاتدا، کاتێ بە شوێن ناسنامەیاندا گەڕاوم؛ گەیشتوومەتە ئەو دڵنیاییەی زۆربەی ئەم ئاوازانە، سەر بەو ئاوازگەلەن، کە عەرەبەکان پێیان دەڵێن: ئاوازی خۆرهەڵاتی؛ کە لە ڕاستیدا ئەم ناونانەی عەرەبەکان، خۆ دزینەوەیە لە ڕاستییەکی تر، کە خودی عەرەبەکان نایانەوێ دانی پێدابنێن و بڵێن: ئاوازی کۆنی ئێرانی. چونکە عەرەبەکان خۆیان خاوەنی ژیار و رابووردوویەکی مۆسیقایی نین و هەر سامانێکی مێژینەی مۆسیقایان هەبێ، هی دوای هێرشی لەشکری ئیسلامە، بۆ سەر ناوچەکانی دەوڵەتی ساسانی و نێوان هەردوو زێی دجلە و فورات «میسوپۆتامیا» و ئەو



ژمارە کتێبە زۆرەی دەربارەی مێژووی مۆسیقای عەرەبی و تیئوری مۆسیقای عەرەبی! و ئەو کەلەپوورە مۆسیقاییەی شانازی پێوە دەکەن و ئەو مێژووەی بۆ بناغەی زانستییانەی مۆسیقای عەرەبی هەڵئەبەستن؛ لە ڕاستیدا سەر بەئاوازی کۆنی ئێرانین(*)

بەڵگەش لەسەر ئەمە، ئەو ناوە ڕەسەنە کۆنە ئێرانییانەیە، کە تا ئێستاش بەسەر ناوی ئەو مقامە، بەناو عەرەبییانەوەیە، کە نازانن چۆن چۆنی خۆیانی لێ ڕزگار بکەن. نموونەی بەرجەستە و زیندووی ئەم قسەیەمان، کتێبە قەبەکەی «حبیب طاهر العباس»ە، بەناوی: «نظریات الموسیقی العربیة»وە.

ناوی ئاوازە کۆنەکانی ئێرانیش، کە عەرەبەکان پێیان دەڵێین: **مقام**، ئێستا لە زانستی مۆسیقای ئێرانیدا پێیان دەوترێ: **دەسگا** و کوردانی کوردستانی ئێرانیش، هەر وایان ناو دەبەن؛ بەڵام لە کوردستانی عێراق، هەندێ جار نەشارەزایانە پێیان دەوترێ: **ئاواز،** لە کاتێکدا ئاواز، ئەو لقوپۆپ و گەڵایانەیە، کە لە درەختی دایکی ئەم دەسگایانە دەبنەوە و هەر یەکێکیش لە درەختی دایکی ئەم دەسگایانە، دەتوانرێ دەیان و دەیان ئاوازی تریان لێ هەڵبگۆزرێ.

کاتێکیش دەڵێین زۆربەی ئاوازی ڕەسەنی کوردەواری سەر بەم دەسگا کۆنانەی ئێرانن، مەبەستمان ئەوە نییە ئەم دەسگایانە، لەسەر مەقام و ئاوازی کوردی پیادە بکەین و تاقی بکەینەوە، یان بڵێین: گۆرانی و ئاوازی کوردی، لە دوای ناونانی ئەم دەسگایانە، لە دایکبوون! بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە: کە سەدان و هەزاران ساڵە، گەلی کورد، گۆرانی و ئاوازی خۆی هەیە و بەدرێژایی ئەو تەمەنە دێرینەیەش، توانیوێتی تایبەتمەندی و ڕەسەنایەتی و بۆن و بەرامەی کوردەوارییانەی خۆی بپارێزێ و لەناو ئاواز و گۆرانی دراوسێکانیدا جیابکرێتەوە؛ چونکە ئەو جۆرە تایبەتمەندییانەی مەقام و ئاوازی کوردی هەیەتی؛ هیچ دراوسێیەکی نییەتی، بەواتایەکی تر، ئەو «حەیران»ەی کورد هەیەتی، هیچ دراوسێیەکی نییەتی، ئەو «لاووک»ەی کورد هەیەتی، ئەو «هۆرە و سیاوچەمانە»یەی کورد هەیەتی، هیچ دراوسێیەکی نییەتی.

بەڵام ئەم ئاواز و گۆرانی و مەقامانە، کاتێ دەخرێنەبەر تیۆری زانستی مۆسیقاییەوە، یان ڕوونتر بڵێین: کاتێ بەدەنگێکی مۆسیقایی کێشدار دەوترێن، دەچنە کێش و پەیژەی مۆسیقاییەوە، کە ئەم کێش و پەیژە مۆسیقاییانەش، کاتێ پۆلێن و خانەبەندیی دەکرێن،

(*) شارەزایەکی گەورەی مۆسیقای جیهانی وەک «ژان دورینگ»ی فەرەنسایی؛ بەجەختەوە ئەم بیروبۆچوونانە دەسەلمێنێ و کاتێ باسی مۆسیقای «بەغدادی» دەکات، کە گوایە شێوازێکی مۆسیقایی تایبەتی عێراقییە؛ دەڵێ: ڕەگەزی هاوبەشی مۆسیقای ئێرانی زۆر تێدایە. (٢٩ ژمارە ٤٣١).

ئەوسا هەر پۆل و خانەیەی ناوێکی تایبەتییان لێ دەنرێ، کە ئەم کارە، لەم سەد ساڵەی دواییدا، بنەماڵەی «فەراهانی»ی ئێرانی، [واتە: کوڕانی عەلی ئەکبەرخان، کە بریتی بوون لە میرزا عەبدوڵڵا و میرزا حوسێن قولی]، کاتێ هاتن مەقام «دەسگا»ی مۆسیقایی دێرینەی سەدان و هەزاران ساڵەی ئێرانی، «کە سەدان و هەزاران ساڵ، لە دڵ و لە سنگی نەوە دوای نەوەدا، پارێزرا بوون»، پۆلێن و خانەبەندیی کرد و هەر خانەیەی ناوێکی جیاوازیان لێنان و بەتێکڕای ئەو خانانەی بۆ مەقامگەلی ناوچەکەیان ئەنجام دا؛ پێیان وت: خانەبەندیی کردنی مۆسیقای ئێرانی و کارەکەشیان لە باری زانستی مۆسیقاوە، بەلای هەموو مۆسیقازانانەوە، هەنگاوێکی زانستانە و باوەڕ پێکراو بوو، بۆیە وەک ئاکامی ئەم کارە، سەرومڕی مەقام و گۆرانی سەدان و هەزاران ساڵەی هەموو ناوچەکە، کەوتنە ناو بازنە و چوار چێوەی ئەم خانەبەندی کردنەوە، کە نموونەی ئەم خانەبەندی کردنەی گۆرانی و مۆسیقایەی ئێرانی، ئەو خانەبەندییە بوو، کە خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی (٧١٨- ٧٩١ز)، بۆ هەموو شیعری دنیای کرد. چونکە ئەگەر چی سەدان و هەزاران ساڵیش، پیش خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی، شیعر هەبوو، «کە تا ئێستاش نازانرێ تەمەنی شیعر چەندە و سەر بەکام ناوچە و نەتەوەیە»، بەڵام کە خەلیل لە دیدی مۆسیقاوە، جۆرەکانی کێش: «وەزن»ی شیعری جیاجیاکردەوە، واتە: پۆلێن و خانەبەندیی کرد، ئەوسا بۆ هەر خانەیەی، ناوێکی جیاوازی لێنان، کە تێکڕا بوونە ١٩ وەزن و هەموو ئەو شیعرانەی بەوەزنی عەرووز نووسرا بوون و لە ئاییندەشدا دەنووسرێن، «ئیتر گرنگ نییە ئەگەر شیعرەکە کوردی بێت، یان عەرەبی، یان فارسی، یان تورکی، یان ئازەری... هتد»، بێ هیچ سێ و دوویەک، دەچنەوە سەر یەکێک لەم ١٩ وەزنە و هەر بەو پێودانەش، هەر یەکێک لەم دەسگا مۆسیقاییانە، جۆرە پەیژەیەکی تایبەتییان هەیە، کە ئاوازی هەر یەکێکیشیان جۆری پەیژە «گام»ی مۆسیقاکەی، وەک پەیژەی مۆسیقایی یەکێک لەم دەسگایانە بێت؛ ئەوا دووبارە لە ئاکامدا دەڵێین: فلانە ئاواز، سەر بە فیسارە دەسگای مۆسیقایە.

بەڵام سەرنجێکی گرنگ هەیە، کە پێویستە پێی لەسەر دابگرین و بڵێین: کاتێ دەڵێین مەقام و ئاوازی کوردی، سەر بەم دەسگا مۆسیقاییانەی کۆنی ئێرانن؛ مەبەستمان ئەوە نییە، کە تێکڕای مەقام و ئاوازی کوردی، وەک یەک و بێ هیچ جیاوازییەک و کوتومت بچنە ناو چوار چێوەی ئەم پۆلێن و خانەبەندیی کردنەی دەسگا مۆسیقای کۆنینەی ئێرانی، بەڵکو لە سەرجەمی تایبەتمەندی مەقام و ئاوازی کوردیدا، کەم و زۆر جیاوازیی لەنێوان مەقام و ئاوازی کوردی و دەسگاکانی مۆسیقای کۆنینەی ئێراندا هەیە و هەموو



دەسگایەکی مۆسیقایی ئێرانیش، وەک یەک و بە یەک پێوانە و ئەندازەی یەک، مەقام و ئاوازی کوردی لە باوەش ناگرن، چونکە مەرج نییە ئەوەندەی مەقام و ئاوازی کوردەواری لە دەسگای شوور و ماهور نزیکن، هەر بەو جۆرەش مەقام و ئاوازی کوردی، لە دەسگای هۆمایون نزیک بن، یان بە هەمان ئەندازە، مەقام و ئاوازی کوردی لە دەسگای هۆمایون دا، هەبن.

یان بەجۆرێکی تر و بۆ نموونە دەڵێین: مەرج نییە ئەو مەقامی بەباتی تورکەی، کە سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی و عەلی مەردان و تاهیر تۆفیق وتوویانە، بە هەمان ئەو جۆرەیان وتووە، کە گۆرانیبێژانی فارس و تورک و ئازەر، هەمان مەقامیان وتووە... کە ئەم شێوازە بەلای نەتەوەکانی دراوسێی کوردیشەوە، بەرامبەر کورد هەروایە و هەر نەتەوە و میللەتێک، بۆن و بەرامە و تایبەتمەندیی خۆی بەسەر مۆسیقای خۆیەوە بەجێهێشتووە و مۆسیقاناسی گەورەی جیهانی، «ژان دورینگ»یش لەم بارەیەوە هەمان بیروبۆچوونی هەیە(٢٩، ژمارە ٤٣١).

یان لەمانەش گرنگتر ئەوەیە: مەرج نییە ئەو مەقام و ئاوازە کوردییەی لە دەسگای شوور، یان هەر دەسگایەکی تری، ئەم دەسگا دەستنیشان کراوانەی ئێرانی، نزیک بن، ئیتر هیچ وردە جیاوازییەک لەنێوان مەقام و ئاوازی کوردی و ئەم چەند دەسگا دەست نیشانکراوەدا نەبێ، بەڵکو وەک وتمان: تایبەتمەندیی گۆرانی و ئاوازی کوردی، لەوەدایە کە سەربەخۆیی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە.بەڵام وەک ئەنجامگیریی و وەک سەرجەم و تێکڕای بەراورد، دەڵێین: کاتێ بەشوێن پێناسەی مەقام و میلۆدی کوردیدا دەگەڕێین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە زۆربەی مەقام و ئاوازی کوردی، سەر بەرێچەڵەکی مۆسیقایی کۆنی ئێرانن، کە ئەم جیاکردنەوەیە، بۆ «سەبک»ی شیعریش دەوترێ: سەبکی هیندی، یان عێراقی، یان... هتد.

لەبەرئەوە، لە ڕاستیی دوور ناکەوینەوە ئەگەر بڵێین ئەو هونەرمەندە کوردانەی، کە شارەزایی و نزیکایەتییان لەگەڵ مۆسیقای کۆنی ئێرانیدا هەیە، بەرهەمەکانیشیان، بۆن و بەرامەی ڕەسەنی کوردییان پێوەیە و ئەوانەش کە ئاگاداری و شارەزاییان لەم ڕووەوە کەم بێت، بەپێچەوانەوەن و بۆ بەڵگەی زیندووی قسەشمان دەڵێین زۆربەی ئەو ئاواز و گۆرانییە کوردییانەی کوردستانی ئێران چاوگە و لانکەزایان بووە، بۆن و بەرامەی زیاتر و ڕاستەقینانەتری کوردییان لە چاو ئەو ئاواز و گۆرانییانەدا پێوەیە، کە لەم جوگرافیایە و لەم ڕاستییەوە دوورن. بۆیە بەرهەمەکانیشیان بەرۆح و مەزاجی کوردەواری ئاوەکی و نامۆیە. هەر لەبەر ئەمەشە، لە دەمێکەوە ڕووناکبیرێکی شارەزای کورد، وتوویەتی: ئاواز

و گۆرانی ڕەسەنی کوردی، لە کوردستانی ئێران لە دایک دەبێ و لە کوردستانی عێراق نەخۆش دەکەوێ و دەمرێ!!.

... خۆ ئەگەر لە بازنە و جوگرافیای ئەم دەسگایانەش بچینە دەرەوە و بڵێین **هەندێ** ئاواز و گۆرانی تری ڕەسەن و هەمیشە زیندووی کوردی هەن و یاسای ئەم دەسگایانەش نایان گرنەوە. کەچی بۆن و بەرامەی پاک و خاوێنی کوردییان پێوەیە، وەک: **هۆرە** و **سیاوچەمانە** و هەندێکی وەک ئەمانە. ئەی ئەمانە چین و خانەی ئەمان، لە کامە دەسگا دایە؟!.

لە وەرامدا دەڵێین: ئەو جۆرە ئاواز و گۆرانییانە، پاشماوەی دێرین و زیندووی ئاوازگەلی **گاثا** و **ئاهوورای** ئایینی «زەرتوشت»ین، کە شیعری ئەو گۆرانییانە، شیعری «بڕگەیی هیجا»ن و پێوانەی عەرووز نایانگرێتەوە و جوگرافیای سەخت و باوەشی قایم و داخراوی ناوچەی **هەورامان** پاراستوونی و نەیهێشتووە تۆز و گەردیان لێ بنیشێت. ئەمەش پشتیوانیی ئەو بۆچوونەی ئێمە دەکات، کە دەڵێین: مەقام و ئاوازی کوردی، سەر بە ڕێچەڵەکی مۆسیقایی کۆنی ئێرانن، نەک ئەو پۆلێن کردنەی ئێستای دەزگاکانی مۆسیقای ئێرانی.

بۆیە ئەگەر تا ئێستا، لە خانەبەندی و ناولێناندا، نەچووبێتنە ناو یەکێک لەو خانە و دەسگا کۆنانەی مۆسیقای ئێرانی، دیارە هۆی ئەوەیە: لە کاتێکدا مۆسیقازانانی ئێرانی و بەتایبەت بنەماڵەی **فەراهانی** لەم سەد ساڵەی دواییدا، خانەبەندی و جیاکردنەوەی **«مۆسیقا»**ی کۆنی ئێرانییان پۆلێن و بەسەرکردۆتەوە، ئەمجۆرە **«مقام** و **ئاواز»** انەیان، لەگەڵ کەش و هەوای مۆسیقای ئێستای ئێرانیدا بۆ پۆلێن و هاوسروشت نەکراوە. واتە: خانەبەندی نەکردووە، لەبەرئەوە ناولێنان و خانەبەندی کردنی ئەم گۆرانییە ڕەسەنانە دەکەوێتە ئەستۆی پسپۆڕانی مۆسیقای کوردی، چونکە گۆرانی و ئاوازگەلی ناوچەی هەورامانیش، پاکترین و ڕەسەنترین ئاواز و گۆرانی کوردیین و هەر ئاواز و گۆرانییەکی ئایندەش، لەم ناوچەیە هەڵبگۆزرێ، ڕەسەن و خۆماڵیی دەبێ.

دێینەوە سەرباسی **«دەسگا»**کان و دەڵێین: پسپۆڕانی مۆسیقای کۆنینەی ئێرانی، ئەگەر لەسەر ژمارەی ئەم دەسگایانە، وردە جیاوازییەک لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام بە **«تێکڕایی»**، لەسەر ئەوە لەگەڵ یەک نزیکن، کە ژمارەی ئەم دەسگایانە، لەنێوان ٥ تا ٧ دەسگا - دایە، کە ئەمانەن:

١- ماهور «عەرەبەکان پێی دەڵێن: عەجەم».

٢- هۆمایون.



٣- سێگا.

٤- چوارگا.

٥- شوور.

٦- نەوا.

٧- ڕاست، یان پێنجگا (١٨، ١٢٨).

لەنێوان ئەم حەوت **دەسگا**یەشدا، **دەسگای شوور**، لە هەموویان بەربڵاوتر و گەورەترە. چونکە ئەگەرچی دەسگاکانی تر، هەریەکەیان چەندین ئاوازیان لێ هەڵدەگۆزرێ، بەڵام **شوور**، سەرەڕای ئەوەش کە وەک ئەوانیتر، چەندان ئاوازی تری لێدەبێتەوە، لە هەمان کاتیشدا خاوەنی چەند **«پاشکۆ»**یەکی سەربەخۆترە، کە هەر یەکێک لەمانیش ئاوازی تریان لێ هەڵدەگۆزرێ. ئەم «**پاشکۆ**»یانەش ئەمانەن:

١- ئەبو عەتا «حیجاز یش سەر بەم پاشکۆیەیە».

٢- بەیاتی تورک، یان بەیاتی زەند.

٣- ئەفشاری، یان فشار، یان هەوشار.

٤- دەشتی.

٥- بەیاتی کورد، یام کورد بەیات(١٠، ٣٩-٤٠).

شایانی باسە و بۆ ئەوەی خوێنەری هێژا زیاتر لە مەبەستمان نزیک بێتەوە، کە دەڵێین: مەقام و میلۆدییە کوردییەکان، سەر بە ڕێچەڵەکی مۆسیقایی کۆنی ئێرانین؛ نموونەی ئاوازی کابۆکێ و شاییەک دەگەڕێ و گوڵ نیشان - گوڵ نیشان و زۆربەی لاووک و حەیران گۆرانییەکانی سێوە و... هتد، سەر بە دەسگای گەورەی شوورن.

هەروەها جگە لەو حەوت دەسگایە، دەسگایەکی تری ئێرانی، کە ناوی لە کتێبی کۆنینەی ئێرانیدا هەیە، دەسگای ئەسفەهانییە. ئەم دەسگایە، هەندێک پێیان وایە بەشێکە لە شوور و هەندێکی تریش دەڵێن لقێکی هومایۆنە.

لەبەرئەوە، بۆ باشتر پێکانی مەبەست و گەڕانەوەی زانستییانەتریش بۆ سەرچاوەکان، ڕاستتر وایە بەو مەقام و میلۆدییە ڕەسەنانەی کورد بوترێ: مەقام و میلۆدی ئێرانی، کە لێرەدا مەبەستیش لە ئێرانی بوونی ئەو میلۆدییانە، جوگرافیای سیاسی هیچ سەردەمێکی دیاری کراوی ئێران نییە، بەڵکو مەبەست ئەو جوگرافیایەیە، کە لە ژیار و شارستانێتی هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە، لە ناوچەی ئێرانی ئێستادا، مۆسیقا لە ژیانی شەپۆلگەلی

بەرودوای گەلان و نەتەوەکانی ئەم ناوچانەدا، ڕمێن و برەوی پێدراوە و ڕەگ و ڕیشەی بەجۆرێک بەو جوگرافیایەدا ڕۆچووە، کە «هەموو شارەزایانی مۆسیقای جیهان و بەڵگە مێژووییەکانیش دەیسەلمێنن» جوگرافیای ئێرانی کۆن و ناوچەی هەردوو زێی دیجلە و فورات «کە ئەم جوگرافیایە کوردستانی ئێستا دەگرێتەوە» لانکەزای هەزاران ساڵ لەمەوبەر مۆسیقای جیهانن و بەتایبەتیش ئەوەندەی پێوەندی بەمەبەستی ئێمەوە هەبێت، هەر لەم جوگرافیایەدا لەسەر دەستی ئارییەی و مادەکاندا «زەرتوشت»ی بەبنەچە مادی و بەڕەگەز ئارییەیی پەیامبەر، مۆسیقای کردە هاوتا و هاوکاری پیادەکردنی ئاوازی سروودگەلی گاثا «گاتا»ی ئایینی «زەرتوشت»ی و ئاوازی بەسۆز و دڵنشێنی پێ سازدرا و دواتریش لە سەردەمی ساسانیدا (٢٢٧-٦٣٢ز)، کە جوگرافیای دەسەڵاتی ئەمانیش، سەرتاسەری کوردستانی گرتۆتەوە و «وەک دواتر باسی دەکەین» کوردیش لە پێکەوەنانی شارستانێتی و ژیاری ساسانیدا ڕۆڵی گەورە و گرنگی هەبووە و لەم سەردەمەشدا مۆسیقا ڕێز و پلەوپایەی باڵای هەبووە و مۆسیقازانان و گۆرانیبێژان خانەی بەشکۆی کۆمەڵایەتییان هەبووە. ئیتر مۆسیقا بەڕادەیەک بنجی مێژوویی بەم ناوچانەدا داکوتا، کە بووە مەڵبەندێکی درەوشاوەی مۆسیقایی و گەلان و نەتەوەکانی دوور و دراوسێش کەڵکیان لێ وەرگرت و چاویان لێکرد.

یان بە واتەیەکی تر، ئەم شارستانێتی و ژیارەی مۆسیقای کۆنی ئێرانی، بووە سەرمایە و فەرهەنگێکی هاوبەشی گەلانی ناوچەکە و بۆتە بەشێک لە مێژووی فەرهەنگیان و هەموویان بەشی خۆیانیان لێ هەڵگۆزتووە. کە لە ڕاستیدا ئەم دیاردەی هاوبەشبوونە، لە کەلەپووری نێوان گەلانی ناوچەیەکدا، نەک هەر لایەنی **مۆسیقا** دەگرێتەوە، بەڵکو دەشێ لە زۆر دیاردەی وەک: داستان و پەند و ئەفسانەشدا بەشداربن. وەک چۆن ئەگەر لەناو کەلەپووری کوردەواریدا مەلای مەشهورە هەبێ؛ لە بەرامبەریدا «جەحا و مەلا نەسرەدین»ی عەرەبی و تورک هەیە. هەر بەو جۆرەش داستانی لەیلێ و مەجنوون و شیرین و فەرهاد، کە لەنێوان ئەم گەلانەدا هاوبەشە.

سەرباری ئەمانەش، نەتەوەی کوردی ئارییایی نەژاد، کە کۆنترین ئەو گەلانەیە، لە ناوچەی ئێرانی کۆندا ژیاوە، نەک هەر لەم سەرمایە مۆسیقاییەی ئێرانی کۆندا، بەشدار و هاوبەشە، بەڵکو وەک خۆرهەڵاتناسان و کوردناسان و پسپۆڕانی کوردیش، گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییەی؛ زمانی کوردیش، «کە لە چاو مۆسیقادا کۆڵەگەیەکی گرنگتر و پتەوتری پێکهاتنی قەوارەی نەتەوایەتییە»، لە بارەی ڕەچەڵەک و پێناسەی زانستییانەوە، دەچێتەوە ناو خانەی زمانە کۆنەکانی ئێران(١١٧، ٢٢٢ ٢٢١ هەروەها ١١٦، ٥٥٢-٥٦٣).



لەبەرئەوە ئەگەر مۆسیقاکەیشی، بەتەریبی زمانەکەیدا بچێتەوە خانەی مۆسیقای ئێرانی کۆن، ئەوا دەچێتەوە خانەی سروشتیی خۆی.

بەتایبەتیش لە کاتێکا کە بڕیارمان دابێ بۆ ئەنجامدانی ئەم بەرنامەیە، مۆسیقای چەندان هەزار ساڵ لەمەوبەری جوگرافیای ئێرانی کۆن، بکەینە بنەما و پێچاڵی هەنگاو هەڵگرتنمان؛ ئەوا دەبێ لە هەمان کاتدا ئەوەمان لە یادبێت، کە ئەو مۆسیقایەی ئێمە مەبەستمانە، کوردی تێدا هاوبەش بکەین ، «هی ڕۆژگارێکە، کە سنووری جوگرافیای ئێران، زۆر لە ڕووبەری جوگرافیای ئێستای بەرینتر بووە. چونکە لەنێوان ڕۆژگاری دەسەڵاتداریێتی «**هەخامەنشی** و **ساسانی**»دا و ڕوونتر: لە سەردەمی شایەکانی ئەشکانیدا، دوو پایتەختی زنجیرەی شایەکانی ئێران، لە دەرەوەی سنووری ئێستای ئێراندا بوون، کە یەکەمیان شاری **مەدائین**؛ یان «**تیسفون**»ی ٣٢ کیلۆمەتری باکووری شاری **بەغدای** ئێستایە و دووەمیشیان شاری **سلوکیە**ی سەر ڕۆخی چەپی ڕووباری «**دیجلە**»یە، کە یەکەمیان تا دوا ڕۆژەکانی دەسەڵاتداریێتی شایەکانی ساسانی، هەر پایتەختی ساسانی بووە و وەک وتیشمان ڕۆژگاری دەسەڵاتداریێتی «ساسانی»ش، ڕۆژگاری ڕێزلێنانی **مۆسیقا** و **مۆسیقازانان** بووە. بۆیە تا ئەمڕۆش ئەو پشکنینانەی لە لایەن شوێنەوارناسانی دێرینەوە، دەربارەی فەرهەنگ و هونەر، لەناو ئێرانی ئێستا و لەناو خاکی دراوسێکانیدا ئەنجامی دەدەن، ئەوە دەسەلمێنن کە پێوەندی و نزیکایەتی **فەرهەنگی** و **هونەریی**، تێکڕای ئەم ناوچانە، وەک یەک بوون و ئەو ئامێری مۆسیقایی و مەقام «دەسگا» مۆسیقاییانەی لەو ڕۆژگارە دوورانەوە، لە جوگرافیای ئێرانی کۆندا باوبوون، تا ئێستاش گەلانی ناوچەکە و دوورتریش، نەک هەر بەکاریان دێنن، بەڵکو هەر بەهەمان ناوی خۆیانەوە، ماونەتەوە، وەک ئامێری مۆسیقایی: چەنگ، نای، دەهۆڵ، سوورنای، ڕوباب، بەربەت، کوس، شاهێن، تەنبور، کەڕەنای، زەنگ «زەنج-ی عەرەبی». لە مەقام «دەسگا»کانیشدا، ناوی: ڕاست، نەوا، زەنگوڵە، ڕەهاوی، دوگا، سێگا، چوارگا، پێنچگا، شەشگا، حەوتگا، شوور، هۆمایون، نەهاوەند، نیشابور، مایە، شەهناز، ماخوری «ماهور»، لەوپەڕی خۆرئاوای وڵاتانی عەرەبی وەک تونس و جەزائیرەوە، تا ئەو سەری خۆرهەڵاتی وڵاتی چین، ناوەکانیان هەروەک خۆیان ماون.

لەپاڵ ئەمانەشدا، ئەوەندەی پێوەندی بە مێژووی سەروەریی کوردەوە هەبێ، ئەوەیە کە پەیڕەوانی ئایینی «ئەهلی هەق»ی کوردی، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینەکەیانەوە «سەدەی چوارەمی کۆچی»، بەچاولێکەریی، لە سروودگەلی گاثای زەرتوشت-ی، ئەمانیش هەر بە مۆسیقا، سروودی یارسانیان لە جەمخانەکانیاندا خوێندووە و تا ئێستاش ئەم

نەریتە، هەر پەیڕەو دەکەن. کە زێد و نیشتمانی ئەم دوو ئاییینەش هەر کوردستانی ئێران بووە.

لەبەرئەوە منیش بەگیانی پێ هەڵگرتنێکی مێژوویی، بەڕاستترین ڕێگەدا، بۆ هەڵگرتنی بەشی ڕەوای کورد، لەو خەرمانی مێژووی مۆسیقایە و بۆ ئەوەش بگەمەوە بەچاوگە ڕوون و ڕەسەنەکانی مۆسیقای پێشینەمان، بەچاکم زانی بگەڕێمەوە بۆ مێژووی سروودی گاثای زەرتوشت و سروودی یارسانی ئەهلی هەق؛ کە ئەگەر لەم ڕێگەیە زیاتر، بیرم لەهەر بەرنامە و ڕێباز و سەرچاوەیەکی تر، بکردایەتەوە، تووشی کوڵانی داخراو و ڕەنجی بێهوودە دەبووم.

# ئاورێکی خێرا
# لە مێژووی مۆسیقای جیهان

**گۆرانی** و **مۆسیقا**، سەرەڕای ئەوەی وەک دووانەی یەکترین، کەچی تەمەنی گۆرانی، لای مرۆڤ، هەموو مرۆڤ، ئەوەی بەتەنیا هەر بەقوڕگ دەوترێ Vocal Music، لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە، زووتر سەری هەڵداو زووتر چەکەرەی کرد. لەم بارەیەوە کۆرت زاکس دەڵێت: «گۆرانی لە چاو ئامێرەکانی مۆسیقادا، کۆنتر و لە پێشترە، چونکە ئەو گەلانەی زۆریش دواکەوتوون و بەبێ ئەوەش شتێک دەربارەی مۆسیقا بزانن، کەچی خاوەنی گۆرانی خۆیانن. لەبەرئەوەی مرۆڤ هەر بەمنداڵیی و لە سەرەتای زمان پژانییەوە، کاتێ دەکەوێتە گڕوگاڵ، ئیتر وردە وردە ئاوازی پچڕپچڕ، بۆ خۆی دەڵێت، یان لاسایی ئەو دەنگانە دەکاتەوە، کە گوێی لێیان دەبێت، بەبێئەوەی بتوانێ ئاوازی مۆسیقا دابنێت، یان بتوانێ مۆسیقا لێ بدات یان شیعر بنووسێت. ئیتر هەر ئەم زمان پژانە بەگۆرانی، مرۆڤی ڕێنوێنی کردووە بۆ بیرکردنەوە لە دانانی شیعر و ئامرازەکانی مۆسیقا، تا لە کاتی وتندا کەڵک لەو ئامرازانەش وەربگرێ.

سەبارەت بەدۆزینەوە و دروستکردنی ئامێری مۆسیقا، لە ژیانی ئادەمیزاددا، مشتومڕی هەمەجۆر هەیە، کە تەنانەت هەندێکیان جێی متمانە نین و تەمێکی ئەفسانایییان بەسەرەوەیە. لەو ئەفسانانە: ئەفسانەیەکی چینی هەیە، دەڵێت: «باڵندەیەکی نەناسراو، ڕێنوێنی مرۆڤی کردووە بۆ دۆزینەوەی ئامێری مۆسیقا». یان دەڵێن: (لامک، کە بەچەند پشتێکی دەچێتەوە سەر ئادەم، یەکەمین کەسێکە، ئامێری عوودی دروستکردووە و یۆپاڵ و تۆپاڵیش، کە هەردووکیان کوڕی ئەون، پەییان بە دۆزینەوەی مۆسیقا بردووە و ئامێرەکانی **«عوود** و **تەپڵ** و **دەف»** یان دروستکردووە). موسای پێغەمبەریش دەفەرمووێت: «تۆپاڵ» لەپێش تۆفانەکەی **«نووح»** دا ژیاوە و ئەو، باوکی هەموو نەیژەن و عوودزانێکە (٣٩، ٤٤). «نووح» یش خۆی، یەکەمین کەسێکە، کە مۆسیقای دۆزیوەتەوە. ئەو عوودی دروستکردووە و ئاوازی لێ دەرهێناوە. بەڵام ئەو عوودە لە تۆفانەکەدا لەناوچووە و لە ڕۆژگاری **داوود** پێغەمبەردا دۆزراوەتەوە و چاک کراوەتەوە و بەکارهێنراوەتەوە» (٣٩، ١٣). کەچی هەر کۆرت زاکس دەڵێت: «ئەو قسانە وانین کە گوایە مۆسیقا بەهرەی خوایی و... ڕێنوێنی کردنی باڵندە و لە ڕێگەی بانگ و هاوار و



کاری هەرەوەزەوە مرۆڤ فێری مۆسیقا بووبێ، بەڵکو قووڵبوونەوە لە سەرەتای سەرهەڵدانی گۆرانی و مۆسیقا، لە ژیانی سەرەتای مرۆڤ و ڕۆژانی بەردیندا، کارێکی ستەمە، چونکە ئەگەر ئامێری مۆسیقاشیان هەبووبێ، دیارە لە کەرەسەیەکی وا دروست نەکراوە، کە بەرگەی سەدان و هەزاران ساڵی گرتبێ. لەبەرئەوەی ڕزیون و لەناوچوون. بۆیە ئەوەی بیەوێ لە مێژووی کۆنی گۆرانی و مۆسیقا شارەزا بێت، دەبێت پاشماوەی کۆنینەکان و هەڵکۆڵراوە دێرینەکانیان بخوێنێتەوە» (٣٩، ١٣).

شارەزاکانی مێژووی مۆسیقا، لەگەڵ ئەوەشدا کە بۆ دۆزینەوەی بنەچە و شوێنەواری مۆسیقا، بەقووڵی چوونەتە بنج و بناوانی، بەڵام هێشتا نەگەیشتوونەتە ئاکامێکی یەکجاری و دڵنیاکار. هەندێک دەڵێن وڵاتی **هیندستان** لانکەزای مۆسیقا بووە، هەندێکی تر دەڵێن وڵاتی **بابل** بووە، کە جێگەی جادووگەریی و زانست بووە، هەندێکی تر دەڵێن موسیقا لە میسر لە دایکبووە، هەندێکی تر لەسەر ئەوە سوورن، کە وڵاتی ئێرانە، چونکە لانکەی سیحر و جادووگەریی بووە و هەر لە ڕێگەی ئەوانیشەوە گەیشتۆتە وڵاتی یۆنان و دوای ئەوانیش گەیشتۆتە وڵاتانی ئەوروپا (٣٩، ٢٢). عەرەبەکانیش لە سەردەمی ئیسلامیدا و بەهۆی داگیرکردنی وڵاتی ئێرانەوە، **گام** «پەیژە»ی مۆسیقایان لە وڵاتی ئێران وەرگرتووە و تورکەکانیش مۆسیقایان هەر لە ئێران وەرگرتووە. **عیبرانییەکانیش** لە دێر زەمانەوە خاوەنی مۆسیقا بوون و گرنگییەکی زۆریان پێداوە و گەلێ ئاوازی بەسۆز و دڵگیریان داناوە، کە لە کۆڕی ئایینیدا وتویانە. «تەورات» یش ناوی هەندێ دانەر و دنگخۆش و ئاواز دانەر و ئامێری مۆسیقای بردووە و لە دەنگخۆشەکانیان، ناوی **داوود** پێغەمبەر و **سلێمان** هاتووە. فیرعەونیەکانی میسریش لە داب و دەستووری خۆیاندا، هەر **سێ** جۆرە ئامرازەکانی مۆسیقایان بەکار بردووە، لە **«ژێدار** و **تەپڵ** و **فووکار»**. لە **فەرەنسە** یش ئەشکەوتێک هەیە، پێی دەڵێن **لانەی نۆتۆن**، هەندێ ئامێری ساکاری موسیقایان تێدا دۆزیوەتەوە، کە یەکێک لەوانە: فیکفیکەیەکە، لە ئێسکی لولاقی بزن دروستکراوە.

بەڵام ئەوەی کە بە **نووسین**، وەک سەرچاوەیەکی ڕوون، دەربارەی مۆسیقا بەدەستمان گەیشتبێ، نووسینی «یۆنان» ە. لە یۆنانی کۆندا شیعر و مۆسیقا، هاوڕێ و هاوکاری یەکتر بوون. شاعیرەکانی ئەو ڕۆژگارەی یۆنان، شیعرەکانیان بەیارمەتی و هاوکاری **تار** خوێندۆتەوە. هەرچەندە لەو سەردەمەدا ئەو هونەرە نەبووە، کە ئێستا هەیە، بەڵکو تەنیا بۆ ڕاگرتنی ترپە و هەنگاو «ریتم»ی شیعرەکە بەکاریان هێناوە (١٢٣). «ئەم داب و نەریتەی یۆنان، کوتومت داب و نەریتی ئایینی «زەرتوشت» ە، کە دواتر باسی دەکەین».

ڕەنگە هەر هۆی ئەم تەمەن درێژییەی مۆسیقاش بێت لەناو یۆناندا، کە هەر ئەوان لە سەرەتاوە لە «گریک»یان وەرگرتبێ، وەک واژەیەک کە پێیان وتووە: **موسا** و مەبەستیان لە خواوەندی هونەرەجوانەکان بووبی لێی و دواتر پاشگری **یکا**یان لێ زیاد کردووە و بووە بە: **موسیک** (Music). دیارە کوردیش ئەم پاشگرە زیادەیان لە چاولێکەریی فۆنەتێکی تورک و عەرەبەوە پێگەیشتووە و کردوویانە بە: **مۆسیقا**.

هونەری مۆسیقا، دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی **مەسیح** بەئەورووپادا زیاتر گەشەی کرد و زەمینەیەکی لەباری بۆ هەڵکەوت ، بەتایبەتیش لە ڕۆژگاری **قوستەنتینی** ئیمپراتۆردا، کە لە ساڵانی **۳۱۲**ز-دا، ئازادی بەدیانەکان داو ڕێگەی دان، داب و دەستووری ئایینی خۆیان بەجێ بهێنن(۱۲۳). لەو سەردەمەدا یەکەمین سروودێک کە دەرکەوت، سۆز، یا «مناجاە»ێک بوو، بەشان و شکۆی یەزداندا بێژرابوو. ئەو سروودە، تەنیا بە دەنگی مرۆڤ دەوترا، ئامێری مۆسیقایان لەگەڵدا بەکار نەهێناوە، چونکە بت پەرستەکان لە ئاهەنگی ئایینیدا بەکاریان هێناوە.

ئەم زەمینە لەبارە، تا ڕۆژگاری پاپاگریکۆی گەورە، هەر بەردەوام بوو، بەڵام لە سەردەمی ئەمدا ئیتر مۆسیقا کاڵایەکی تری بەباڵا بڕا. ئەو کاڵایەش دەرکەوتنی جیی دارتزو (۹۹۰-۱۰۵۰ز) بوو، کەڕەبەنێکی دیان بوو، گرێ کوێرەیەکی لە مۆسیقادا کردەوە، کە تا ئەمڕۆش جێ پەنجەی ئەو بلیمەتە، لە هونەری موسیقادا دیارە و یەکەمین کەسێکە توانیوێتی پەیژەی مۆسیقا بدۆزێتەوە و لە یەک ئاوازدا، چەند دەنگێکی جیاجیا دەربهێنێ.

جێ دارتزۆ سروودێکی ڕێکخست، کە شیعری سروودەکە هی خۆیەتی و بۆ «جان پاتیست»ی قەدیس دانراوە(۱۲۳). لە شیعری ئەم سروودەدا، لە سەرەتای نیوە دێڕی هەر بەیتێکدا، بەم وشانە دەست پێدەکات: **ئوت** - ut، **ڕێ** - Re، **می** - Mi، **فا** - Fa، **سۆل** - Sol، **لا** - La، **سان** - San. ئەم وشانەش لە ڕیشەدا هیچ مانایەک نابەخشن، تەنیا کاریان ئەوەیە یارمەتی بیر و سەلیقەی مردڤ بدەن بۆ لەبەرکردنی ناوی پلەکانی دەنگ، لە پەیژەی مۆسیقادا، کە ڕیتمی هەر دێڕێک لە شیعری ئەم گۆرانییەدا، لە چاودێڕی پێشوودا، پلەیەکی دەنگی بەرزترە و پلەیەکیش لە نیوە دێڕی دواتر نزمترە. ئەم کارەش بۆتە هۆی دۆزینەوەی پەردەکانی دەنگ و پێکهێنانی پەیژەی مۆسیقای جیهانی.

پاشان هەر ئەم مۆسیقازانە، بڕگەی یەکەمی لە نیوە دێڕی یەکەمی شیعرەکەدا، لە **ئوت** out ەوە گۆڕیوە بۆ **دۆ**، بۆ ئەوەی لەسەر زمان ئاسانتر بێت. هەروەها بڕگەی حەوتەمیشی لە **سان**-ەوە گۆڕیوە بە **سی**. ئیتر ئەم حەوت ناوە، بۆ شەقڵێ نەغمەی مۆسیقا دانراون و پێیان دەوترێ: نۆت، کە ئەمانە پیتی زمانی موسیقای جیهانن: **دۆ، ڕێ، می، فا، سۆل، لا، سی** و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان زۆربەی هەرە زۆری مۆسیقاژەن و مۆسیقازانەکانی گەلانی دنیا، لە هونەری مۆسیقادا، بۆ دانانی گۆرانی و ئاواز، ئەم حەوت نەغمەیە بەکاردێنن. بەڵام ڕوونووسی ئەم حەوت نەغمەیە، لە زانستی مۆسیقادا، لە چەپەوە بۆ ڕاست دەنووسرێت.

دوای ئەم تەقەللایەش، کەسانی تری بلیمەت تەقەللایان داوە بۆ دەربازبوون لە پێوەندی ئەو دەنگە ئاساییانە و دۆزینەوەی چاووگی تر، بۆ ئەو دەنگانەی لەم گەردوونەدا هەن، وەک تەقەللای شیڤەر و هاورێکانی، کە هەوڵیان داوە: قاووقیژ و شیڕە و شریخە و ئەو دەنگە ناقۆڵا و نارێکانەی لەم گەردوونەدا هەن، تێکەڵ بە دەنگی ناسک و نیانی مۆسیقایی بکەن و بۆ هەندێ کاری هونەری موسیقایی، لە دەربڕین و دیمەنکاریدا بەکار بهێنن، کە پێی دەوترێ: مۆسیقای کۆنکرێتی(۷۷، ۱۰).

لە سەدەی شازدەهەمی زایینیش بە دواوە، ئیتر سەردەمێکی زێڕین و بریسکەدار، بەسەر مێژووی مۆسیقا و گۆرانیدا هات و شێواز و ڕێبازی هەمەجۆرەی وەک: (کۆراڵ: Choral، مادریگاڵ: Madrigal، ئۆپێرا: Opera، کانتاتا: Cantata، ئۆراتۆریۆ: Oratorio، لید: Lied، فۆگ: Fugue، ئۆڤروچۆرۆ: Overture، پریلیوّدە: Prelude) و گەلێکی دیکەش لەو جۆرە هونەرانە، پەیدابوون و سەریان هەڵداوە. چونکە لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتیدا، هونەری تری مۆسیقایی سەریان هەڵداوە و برەو و باویان پەیدا کردووە. بەتایبەتیش لە سەردەستی کۆمەڵێک موسیقازانی جیهانیدا هونەری مۆسیقا، شاکاری تری تێدا دەرکەوت کە تا ئێستا و لەمەودواتریش بەهرە و هونەریان هەر درەوشاوە و شایانی شانازین؛ وەک: باخ، هاندل، هایدن، مۆزارت، ڕۆسینی، بیتهۆڤن، شۆپەرت، شۆپان، پرامز، ڤاگنەر، کورساکۆف، چایکۆڤسکی، شتراوس، خاچادۆریان و چەندان و دەیانی تریش.

لێرەدا دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگیرێ کە ئەم کورتە مێژووەی مۆسیقای جیهانی، لەژێر سێبەری پیشکەوتنی کۆمەڵایەتی و شارستانێتیدا چاوی هەڵهێناوە و گەشەی کردووە. بۆیە لەم ڕووەوە کۆنفۆسیوس ڕاستی کردووە، کە وتوویەتی: «ئەگەر دەتەوێ پلەی پیشکەوتن و شارستانێتی هەر گەلێک بزانیت، گوێ لە مۆسیقا و گۆرانییان بگرە» (٥،٦٥).

کەواتە ئەگەر گۆرانی و مۆسیقا، دیاردییەکی شارستانی بن، ئەوا ئەم قسەیە ئەوەندەی پێوەندی بە کوردەوە هەبێ، کە هەر شوێنەوار و ڕوویەکی ڕووناکی گۆرانی و مۆسیقاکەیان، لە بەڵگەنامە و لاپەڕەی خۆیان و دراوسێ و کوردناسەکاندا بۆ مابێتەوە «کە دواتر باسیان دەکەین»، ئەوا هی ئەو بڕگە مێژووییانەن کە جارجارە لەژێر سێبەری ئایین و مەزهەبێکی ئایینی وەک **زەرتوشت** و **ئەهلی هەق**، یان یەکێک لە میرنشینەکانی کورددا پەروەردە بوون و پەلوپۆیان بۆ دەوروپشتی خۆیان و شوێنە دوورەکانیش هاویشتووە.

بۆیە سەرەڕای ئەو هەموو چەوساندنەوەیە و بەزۆر دوورخستنەوەیەی کوردیش لە پێشکەوتن و شارستانێتی، ئەگەر سەرمایەیەکیان لەم بارەیەوە هەبێ، هەر هی ئەو دەرفەتە گەشە مێژووییانەن کە بۆ ماوەیەک ئاسایش و هێمنی و حەسانەوە، باڵیان بەسەر پارچەیەکی نیشتمانەکەیاندا کێشاوە، یان میرنشینێکیان هەڵێکی بۆ خۆی ڕەخساندووە، کە لە ئاقاری خۆیدا، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی گەشە بکات، یان بەشێوەیەکی تر دەتوانم بڵێم ئەگەر پلەی پێشکەوتنی هونەری مۆسیقای کورد لە ئاست خەون و ئاواتماندا نەبێ، ئۆباڵی ئەم دواکەوتنە تا ڕادەیەک ناکەوێتە ئەستۆی خوێندەوارانی کۆن و تازەی کورد؛ بەڵکو تاوانی ئەو ڕۆژگارە پڕ لە کارەسات و نالەبارەیە، کە مێژووی ئەم گەلەی دروستکردووە.

ڕەنگە بەهۆی ئەو داروبارە نالەبارە دێرینەیەوە بێت، لە کەلەپووری شارستانیی کورددا شتێکی نووسراو نەبێ کە ببێتە هەوێن و سەرچاوە و کەرەسەی لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی زانستیانە، کە مەگەر پسپۆرانی تایبەتی لەم مەیدانەدا، لە داهاتوودا بتوانن تەقەللایەکی بۆ بدەن، کە لەمەشدا هەر دەبێ پشت بە ئاواز و گۆرانییە دێرین و ڕەسەنانەکان ببەسترێن، وەک: **مەقامی کورد،** کە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ پێکهێنان و داهێنانی گەلێ ئاوازی دڵکێش؛ لەپاڵ چەندین مەقامی تری وەک: **«ئای ئای، خاوکەر، گەبر، قەتار، هۆرە، سەفەر، خورشیدی، تایەری، سەحەر، نیوەشەو، لاوژە، سیاوچەمانە، لاووک، حەیران، لاوەلاوە»** و تێکستی ئەو سەدەها بەیتە فۆلکلۆرییانەی کە بەبێ هیچ سێ و دوویەک، هەموویان ئاوازەکانیان کوردی و ڕەسەنن. لەگەڵ ئاوازی سەدان و سەدان گۆرانی و بەستەی زیندووی فۆلکلۆری ڕەسەندا، کە داخەکەم، ئەمانە هێشتا بە نۆت نەنووسراون، بەڵکو دەنگخۆشی کارامە، گەیاندوونی بەنەوەی دوای خۆی و نەوە دوای نەوەش، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر،بەڕێگەی گوێدێری هەڵگیراون و پارێزگاری کراون.



هەرچەندە تۆمار نەکردنی ئەم گۆرانی و مەقامانە، بەنۆت و پاراستنی ئاوازە خۆماڵی و ڕەسەنەکانیان، کارێکی وای کردووە، بەهۆی کارتێکردنی گۆرانی و مۆسیقای گەلانی دراوسێی کوردەوە، هەندێ جار هەست دەکرێ سەرەڕای ئەوەی دەنگی گۆرانیبێژەکەش یەکجار کوردیی و ڕەسەنە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مۆسیقاکەی تەمێکی مۆسیقای بیانی بەسەروە بێت. بەتایبەتی مۆسیقای فارسی و تورکی و ئازەری و عەرەبی. کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆی ئەوەی ئەو کەسانەی کە مۆسیقاکەیان لێداو، کورد نەبوون و سەر بەڕەگەزی یەکێک لەو نەتەوانەی دراوسێی کورد بوون. بەڵام بەپێچەوانەوە، مۆسیقای ئەو گەلانەی داروباری ژیانی کۆک و هێمن و قەوارەیان پارێزراو بووە، گۆرانی و مۆسیقاشیان، لە گۆرانی و مۆسیقای کورد پارێزراوتر بووە و لە دەمێکیشەوە بەهۆی دامودەسگاکانی هونەریی و مۆسیقاییەوە کە زۆرتر دەوڵەتەکانیان بۆیان ڕەخساندوون، توانیویانە مۆرکی تایبەتمەندی خۆیانی تێدا بپارێزن. بەڵام هونەرمەندی کلۆڵی کورد زۆرجار بووە، نەک هەر گۆرانی و مۆسیقاکەی پێ نەپارێزراوە، بەڵکو قەوارە و بوونی خۆیشی پێ نەپارێزراوە.

لەبەرئەوە ئەم بارەی نەبوونی قەوارەیە، نەک هەر لەم بوارەدا کاری خۆی کردووە، بەڵکو لەو ڕووەشەوە زیانی ئەوەی لە کورد داوە، کە نەبوونی پاراستن و پێخستن و دابین کردنی ژیان و گوزەرانی ئەو هونەرمەندانەی ئەم مەقام و گۆرانیانەیان بەجێهێشتووە، نەک تەنیا هەر ناویان نەزانین، بەڵکو دەیان و دەیان هونەرمەندی تر، لە هەموو بوارێکی هونەردا، بەو هۆیەوە کە لای گەلانی دراوسێی کورد گوزەرانیان دەستەبەر کراوە و هۆیەکانی پێشخستنی هونەرەکەیان بۆ ئامادە کراوە و ڕێزیان لێگیراوە و زمانی ڕەسمی و ڕێز لێ گیراو و باوی ئەو سەردەمە، زمانی دراوسێکە بووە. ئیتر هونەرمەندەکەش توانا و بەهرە و داهێنانی خۆی، هەر بە زمانی دراوسێکە نواندووە؛ یان زۆرجار بووە دراوسێ دەسەڵاتدارەکە، گەنجەفەی ئەوەی بەسەردا لێداوە، کە هەر خۆی خاوەنی بەهرە و زانست و ژیارە، بۆیە هونەرمەندەکەی کورد، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو گەنجەفەیە، هاتووە بەهرەی خۆی بەجۆرێک بە زمانی دەسەڵاتدارەکە دەرخستووە، کە پێش ئەویش کەوتووە.

لەبەرئەوەیە لەم مەیدانەدا دەڵێین: ئەو بەدەرەدین ئەربیلی (هەولێری -؟ - ١٢٨٧ز)یەی کە خاوەنی «أرجوزة الأنغام»ە و جەلالەدینی کوڕی عومەری خدری داسنێی کوردی ؟- ١٣٩٧ز) کە خاوەنی کتێبی «الکنز المطلوب في علم الدوائر والضروب»ە و **زریاب** کە تۆمابوای کوردناسیش دیسان دەڵێت: «زریاب کوردە و ژێی پێنجەمی لە ئامێری عوودا داهێناوە» و عەبدولقادری مەراغەیییەی (-؟- ١٤١٩ز) کە خاوەنی

کتێبی جامع الألحان -ە و بەڕەگەز کورد بوون، چ بەڵگەیەک هەیە لەسەر بەرهەمەکانیان، کە خزمەتی هونەری کوردیان پێ کردبێ!؟! ئەمە باسێکە، نەک هەر لە بواری هونەردا، بەڵکو لە بواری ئەدەب و زمان زانستی ئایین و مێژووشدا، زۆر بەهرەمەند و ئەدیب و زمانزان و زانای ئایینی و مێژوونووس، بەڕەگەز کورد بوون، بەڵام لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە و زۆر هۆی تریش، ناویان لاپەڕەی مێژووی گەلانی تریان ڕووناک کردۆتەوە! کە بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئەم قسەیەمان زۆرە و لە هەمان کاتیشدا لە باسەکەمان دوور دەخاتەوە، بۆیە لەم ڕووەوە **ئەی. ئەی، ئوربیلی** کوردناس دەڵێت: «کورد، زۆر لە ڕۆڵەکانی خۆی لە دەست داوە و لێی بزربوون، لە شاعیر و مۆسیقازان و پێشەوای مەزن، کە ناویان مێژووی گەلانی دیکەی ڕازاندۆتەوە» (١١١، ١٢).